2024

ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت



# چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم

# لە ساڵی ٢٠٢٣ دا

ئامادەکردنی

یادگار سدیق گەڵاڵی/ تایبەت بە ڕوونبین

٢٠٢٤/٣/٣٠

www.roonbeen.org

ڕونبین ڕێکخراوێکی ناحکومی و قازانج نەویستە، تیشک دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ بەرەوپێشبردنی شەفافیەت لە پرۆسەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان.

## ناوەڕۆك


دەستپێک ........ 5
روونبین کێیە؟ ........ 7
پێناسەی روونبینی(شەفافییەت) ........ 7
گرنگی ڕوونبینیی ........ 8
چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ........ 10
رێکەوتنەکان لەیاسای بوجەدا ........ 13
کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO ASA) ........ 15
1. کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO ASA) ........ 16
چارەکی یەکەم 16
چارەکی دووەم 18
چارەکی سێیەم: 19
چارەکی چووارەم: 20
گلدانەوەی گاز ........ 23
هێزی کار ........ 23
2. کۆمپانیای گنێڵ ئەنێرجی ........ 26
چارەکی یەکەم تا وەستانی هەناردە 26
شایستەی گەنێڵ لە تاوکی: 27
تەق تەق (گەنێڵ ئەنێرجی و ئاداکس پەترۆلیۆم) ........ 27
شایستەی سەرتە (گەنێڵ ئەنێرجی و شیڤرۆن) 29
لە دوای وەستانی هەناردەوە 30
داهاتی فرۆشی نەوت: 31
کێڵگەی قەرەداغ (گەنێڵ ئێنێرجی و شیڤرۆن) ........ 31
بە شێوەیەکی گشتی: ........ 34
گۆڵف کیستۆن Gulf Keystone و ........ 36
ئێم ئۆ ئێڵMOL ........ 36
3. گۆڵف کیستۆن Gulf Keystone و ئێم ئۆ ئێڵMOL ........ 37

کێڵگەی شێخان/ چارەکی یەکەم 37
پاش وەستانی هەناردە: 39
پوختەی بەرهەم هێنان: 43
خەرجی و داهات 46
ئاسۆی ئایندە: 48
4. سەرسەنگ ( شاماران و ئێچ کەی ئێن )....................50
چارەکی یەکەم : 52
چارەکی دووەم : 53
چارەکی سێهەم : 54
چارەکی چوارەم: 55
5. شاماران ShaMaran.................................................................................................58
کێڵگەی ئەتروش ( شاماران و تاقە) 58
چارەکی دووهەم و سێهەم 59
چارەکی چوارەم 59
6. کۆمپانیای فۆرزا (کێڵگەی هەولێر)....................................61
چارەکی یەکەم: 61
چارەکی دووەم : 63
چارەکی سێهەم: 64
چارەکی چوارەم : 66
میکانیزمی نرخ بۆ فرۆشتنی نەوت پێش وەستانی هەناردە.........................................................................66
ئەو کۆمپانیانەی شایستە و زانیاریان لەسەر کێڵگە نەوتییەکان بڵاو ناکەنەوە ...........................................69
1. کار گروپ (خورمەڵە) 70
2. کۆمپانیای گازپرۆم و وێستەرن زاگرۆس 73
کێڵگەی گەرمیان 73
3 . کۆمپانیای رۆسنەفت ( کێڵگەی بجیل) 74
4. کۆمپانیای هەنت ئۆیل (کێڵگەی ئێسفنی یان عەین سیفنی) 74
5 . کۆمپانیای پیت ئۆیل (کێڵگەی چیا سورخ) 74
6 . کۆمپانیای وێستەرن زاگرۆس (کێڵگەی کوردەمیر ) 75
دەرئەنجام......................................................................................................................78
کەم کردنی بەرهەمی کێڵگەکان :...........................................................................................80

زیادکردنی بەرهەمی کێڵگەکان:......81
ڕێکارەکانی دژ بەهەرێم......82
پەراوێزەکان: ......85
سەرچاوەکان......86

# دەستپێک

لە سۆنگەی هەستکردنمان بەگرنگی و پێویستی شەفافییەت و رۆڵ و کاریگەری لە سەر درووستکردنی ژینگەیەکی تەندرووستی کار و متمانە لە نێوان هاوولاتی و حکومەتدا ، ئێمە وەکو ڕیکخراوی روونبین لەبواری شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت لە ماوەی ٧ ساڵی رابووردوودا هەوڵمانداوە وەکو بەشێکی سەرەکی لە کارەکانمان بەشداری کەریگەر و چالاک بین لە بنیاتنانی بنەماکانی شەفافییەت لە بواری نەوت و گازی هەرێمدا.

لە ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانماندا بە زمانێکی سادە و دوور لە ئاڵۆزی تیشکمان خستووەتە سەر ئەو لایەنانەی کە لە سێکتەری نەوتدا لە تاریکیدان، کیشەکانی ئەم سەکتەرە گەنگەشە بکەین و پرسیاری جدیان لەسەر بووروژێنین و بەپێی توانا رێچارەیان بۆ دابنێین.

لە ماوەی٧ ساڵەی ڕابووردوودا ١٠ راپۆرتی بنکۆڵکاری و لێکۆڵینەوە و چەندین وتارو بابەتی جدی و چاوپێکەوتنی میدیایمان لە سەر سەکتەری نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەوهیوایەی توانیبێتمان بەشێک لەوبۆشاییەی لەم بوارەدا هەیە پربکەینەوە و بتوانین خزمەتێک بە پرسی شەفافییەت و گەیاندنی زانیاری بەهاوولاتی بکەین کە کرۆکی حوکومڕانی درووست شەفافییەتە. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵ دەدەین چالاکی یەک بەیەکی کێڵگە نەوتییەکان شیبکەینەوە. هەر لە بەرهەم هێنانی نەوت تا فرۆش و داهاتی نەوت چ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان یان حکومەتی هەرێم، لە پێش وەستانی هەناردەی نەوت لەڕیی بۆرییەوە لە ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣ ، پاشان دوای وەستانی هەناردەو دەستپێکردنەوەی بەرهەم و فرۆشتنی لە ناوخۆدا.

لەم ڕاپۆرتەدا :

- ئاستی بەرهەم و فرۆشی نەوت لە چارەکی یەکەمی ساڵ تا وەستانی هەناردە وکۆی ئەوپارەیەی لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە وەرگیراوە تا کاتی وەستانی هەناردە لەڕێی بۆری عێراق- تورکیا لە ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣ دەخەینە روو.
- چالاکییە نەوتییەکان دوای وەستانی هەناردە و دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، فرۆشی ناوخۆ ، ئاستی بەرهەم لە قۆناغە جیاکاندا شیدەکەینەوە .

- هەروەها دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، فرۆشی ناوخۆ ، ئاستی بەرهەم، لەگەڵ
- کۆی ئەوپارانەی بەشێک لە کۆمپانیا نەوتییەکان لە ماوەی ئەو ساڵەدا وەریان گرتووە هەڵدەسەنگێنین.
- بەراوردی نرخی فرۆشی نەوتی هەرێم پێش و پاش وەستانی هەناردە لەگەڵ نرخی نەوتی جیهانی و سۆمۆ دەکەین.

ئەم ڕاپۆرتە بە پێی ئەو داتایانەی لە بەردەستماندابووە بۆ ١١ کێڵگەی نەوتی هەریم و شیکردنەوەی ڕاپۆرتی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە بەشێکی زۆریان راپۆرتی وەرزیان هەیە، راپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت کە راپۆرتی ووردبینیکراوی بەرهەم و داهاتی نەوتی هەرێمە لە پێش وەستانی هەناردە، کە بەداتای فەرمی حکومەتی هەرێم ئەژمار دەکرێت ،راپۆرتی چاودێری دارایی عێراق بۆسەکتەری وزەی هەرێم وەسەرچاوەی تری متمانە پێکراوی جیهانی نووسراوە. پێمان باشتر بوو کە راستەوخۆ زانیاریمان لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان یان حکومەتی یهەرێم وەربگرتایە، چوونکە ئەمە خزمەتی زیاتری چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی دەکات کە شەفافیەت بەشیکە لەو بنەمایانە و هەروەها خزمەت بە مافی هاوولاتی دەکات، بەلام بەداخەوا هیچ داتایەکی فەرمی راستەوخۆی حکومەتمان بەردەست نەکەوت.

## روونبین کێیە؟

روونبین ڕێکخراوێکی مەدەنی ناحکومی، قازانج نەویست و بێلایەن و سەربەخۆیە. لەلایەن چەند کەسێکی شارەزا لە بوارەکانی پیشەسازی نەوت و گازەدا دامەزراوە. بایەخ دەدات بەلێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندن و چاودێری پرۆسەکانی نەوت و گاز و پێشنیاری چارەسەر و چاکسازی بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەکات.

لە ماوەی رابووردوودا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە بەرواری ٢٠١٧/٥/١٠ کارمان کردووە بە ئاراستەی ئامانجی ڕێکخراوەکە، ئەویش بریتییە لە : بەشداری کاریگەر لە بنیاتنانی بنەماکانی شەفافییەت لە بواری نەوت و گازدا و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و رۆشنبیری هاوولاتیان بەشیوەیەکی زانستی و ئەکادیمی. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە زانیاری درووست و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی زانستی و پێشنیاری چارەسەر بۆ کۆی پرۆسەکانی نەوت و گاز. لە ماوەی رابووردوودا بەچەند ئاراستەیەک کارمان کردووە لە وانە:

1. حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار لەحکومەت .
2. پەرلەمانتارانی هەرێم و بەغداد.
3. کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم
4. ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و چەنین سەرچاوەی متمانە پێکراوی تر .

ئەم کارەشمان هەوڵێکە بە هەمان ئاراستە .

## پێناسەی روونبینی(شەفافییەت)

روونبینیی پێچەوانەی شاردنەوەیە، بریتییە لە پابەندبوونی حکومەت بە پێدانی زانیاری بە هاوولاتی

لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە لێپرسینەوەی هاوولاتی لە فەرمانبەری گشتی. بوونی حکومەت بۆ خزمەتی میللەتە لە بەرئەوە دەبێت ئەوزانیاریانەی کە پەیوەستە بە چۆنییەتی بەڕیوەبردنی بەرپرسەکان بۆ کارە گشتییەکان و چۆنییەتی بەکاربردنی موڵك و ماڵی گشتی لەبەردەست بێت و ئاشکرا بکرێت بەشێوەیەکی راست وە بائاسانیش لێی تێبگەن و بەیاساش ڕێکبخرێت. بەواتایەکی تر بریتییە لە ئاشکراکردنی زانیاری راست و دروست و ئاسان و بەپێی یاسا. واتە زانیارییەکان متمانە پێکراوبن،

بەزمانێکی سادە داڕێژرابن، هاوولاتی بە ئاسانی لێی تێبگات، بەدەستی هەمووان بگات، وە بەیاسا رێکخرابێت بەم شێوەیە روونبینی بەرەو حوکومڕانییەکی باش و دادپەروەرمان دەبات.

## گرنگی ڕوونبینیی

گرنگی روونبینی لەوەدایە کە ناروونی کەم دەکاتەوە، سنوور دادەنێت بۆ گەندەڵی و بەرەنگاری دەبێتەوە، متمانە بەهێز دەکات لە نێوان هاوولاتی و حکومەتدا. چاودێری ناوخۆیی زیاد دەکات. دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەت و دامەزراوەکاندا. روونبینیی روویەکیەی تری لێپرسینەوەیە، هەروەها چەقی گەشتنە بە پەرەپیدان و گەشەکردنی هەر بوارێک کە کاری تیابێت، چ ئابووری، پەروەردەیی، تەندرووتی... هتد. روونبینی و بەرپرسیارێتی دوو ئامڕازی سەرەکی حوکومڕانی دروستن. روونبینی کاتێک بە بەردەوامی پیادە دەکرێت هێزێکی زۆر دەدات بە حکومەت تاوەکو بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوەو لێپرسینەوەی تەوەو بکات. روونبینی کات دەگەڕێنێتەوە و خەرجی کەم دەکاتەوە، یاڵۆزی لەتێگەیشتن لەشتەکان کەم دەکاتەوە یان نایهێڵێت. ژینگەیەکی لەباری کار و تەدروستی کار و متمانە دەخولقێنێت.



.

# چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم

# لە ساڵی ٢٠٢٣ دا



# چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٣ دا

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ICC لە پاریس داوای دژی تورکیا تۆمارکرد، کە تورکیا پێشێلی رێکەوتنی نیوانیانی کردووە بەوەی رێگەی بەهەرێمی کوردستان داوە هیڵی بۆری نەوتی عێراق – تورکیا بەکاربهێنێت بۆ هەناردەی نەوت و ئەمبارکردن و بارکردنی لە بەندەری جەیهانی تورکیا. ئەوە بوو لە بەرواری ١٣ی شوباتی ٢٠٢٣دا دادگا بڕیاری کۆتایی لە بەرژەوەندیی عێراق دا سەبارەت بەو سکالایە. دەرئەنجام تورکیا بە فەرمی لە ٢٥ی ئازاری٢٠٢٣ دا هەناردەی نەوتی هەرێمی لەڕیی بۆرییەوە ڕاگرت.

- لە بەرەبەیانی ٢٥ ی ئازاردی ٢٠٢٣ ەوە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە راگیراوە وەکو وەلامدانەوەیەک بۆ بڕیاری دادگای ناوبژیوانی ژووری بازارگانی باریس ICC کە تیایدا بڕیاردرا لە بەرژەوەندی عێراق دژی توورکیا بەوەی بارکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانی توورکیا بەبێ ڕەزامەدی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) پێشێلی رێکەوتنی هێڵی بۆری عێراق- تورکیای نێوان هەردوو ولاتە. دادگاکە بڕی ١مليار و ٤٧١ ملیۆن دۆلار قەرەبووی سەپاندووە بەسەر تورکیادا کە بیدات بە عێراق لەسەر ئەو زیانانەی بەری کەوتووە لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ . هێستا بەشی دووەمی سکالاکە ماوە یەکلایی بکرێتەوە کە پەیوەستە بە ٢٠١٨ و سالانی دواتر .
- دوابەدوای وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم ، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە وتووێژی چڕ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی نەوت بۆ گەشتن بەڕیکەوتن لەسەر هەنارده کردنەوەی نەوت. لە بەشێکی وتووێژەکاندا لە سەرەتای نیساندا نوێنەری کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوت IOC's و کۆمپانیاکانی کڕیاری نەوتی هەرێم بەشداربوون .
- سەرەتا لەبەرواری ٢٠٢٣/٤/٤ رێکەوتنی کاتی ئیمزاکرا لە نێوان هەردوولا. لەسەر چەند خاڵێک رێک کەوتن تا ئەو کاتەی یاسای بووجەی فیدراڵ دەردەچێت ئەوکاتە یاسای بووجە جێی ئەم رێکەوتنە دەگرێتەوە.، خاڵەکانیش ئەمانە بوون:
    - ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم بە ٤٠٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە دیاری کرا و لە ڕێی سۆمۆ و بەنرخی سۆمۆ بفرۆشرێت .

- هەموو داهاتی نەوتی هەرێم بخرێتە حسابێک و هەرێم بەکاری بهێنێت بەلام لەژێر چاودێری حکومەتی فیدراڵدا بێت.
- دروستکردنی لیژنەیەکی چوارکەسی، ٢ لە هەرێم و ٢ لەوەزارەتی نەوتی عیراق بۆ سەرپەرشتیکردنی فرۆشی نەوت.
- جێگری بەڕێوەبەری گشتی سۆمۆ بدرێت بە کورد

- لە سەرەتای مانگی ئایارەوە ،وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاندکۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) گرێبەستی لەگەڵ کڕیارانی نەوتی هەرێم تەواو کردووە بەو میکانیزمەی سۆمۆ دایناوە.
- لە بەرواری ١٠ی ئایار وەزارەتی نەوتی عێراق لە رێی سۆمۆ وە داوای لە تورکیا کردووە کە دەستبکرێتەوە بە هەناردەی نەوتی هەرێم لەرێی بۆری جیهانەوە، تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هەنارده دەستی پێ نەکردووەتەوە،
- لە بەرواری ١١ی ئایار وەزارەتی نەوتی فیدراڵ ڕایگەیاند دوای ئەوەی گرێبەستی کڕینی نەوتیان لە گەڵ کڕیارەکانی هەرێمدا تەواو کردووە، لە بەرواری ١٠ی ئایاردا داوامان لە کۆمپانیای بۆتاش کردووە کە رۆژی شەممە ١٣ی ئایاری ٢٠٢٣ هەناردەی نەوتی هەرێم دەست پێ بکاتەوە .
- لەگەڵ ئەو هەوڵە چڕوو پڕانەدا بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم ، چەندین جار ئاماژەکردن بە نزیکی دەستپێکردنەوە و دیاریکردنی رۆژی دەستپێکردنەوەی هەناردە، بەلام هەناردە دەستی پێنەکردەوە. ئەوکات هۆکاری دەستپێنەکردنەوەی هەناردە خرایە سەر تورکیا، تورکیاش بەهانەی چیککردنەوەی بۆرییەکانی دەهێنایەوە بۆ دڵنیابوونەوەیان لە وەی سەلامەتن بۆ بەکار هێنان و زیانیان بەرنەکەوتووە لە ئەنجامی بومەلەرزەکەی ٦ی شوباتی ٢٠٢٣. لە کاتێکدا هەناردەی هەرێم ئەو کاتە کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر وەستاو پاش چێککردنەوە دەستکرایەوە بە هەناردە و بەردەوام بوو تا بەرەبەیانی ٢٥ی ئازار کاتێک تورکیا بڕیاری وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمی دا لە ڕیی بۆری عێراق- تورکیاوە. واتە دوای بوومەلەرزەکە بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ بۆریەکە بەکارهاتووە و کێشەی- نەبووە.
- لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، بەرپرسانی تورکیا ڕایانگەیاند، بۆری عێراق لە بەرواری ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ەوە ئامادەیە کارەکانی دەستپێبکاتەوە. بەلام ئایا تا چەند لایەنی

عێراقی ئامادەیە نەوت هەناردەبکات لەڕێی بۆرییەکەوە؟ وەلامەکەی تا ئێستا ڕوون نییە و هەردوولاش بانگەشەی ئەوەدەکەن کە بەردەوامن لە گفتوگۆکان بۆ دەستپێکردنەوەی هەنارده .

- هەروەها کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ("ئاپیکور") کە پێکهاتووە لە ٨ کۆمپانیای نەوتی هەرێم چەندجارێک ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆمپانیاکانی نەوت IOC پێویستیان بە چوارچێوەیەکی ڕوون هەیە بۆ وەرگرتنی شایستە داراییەکانی ئایندە و چونییەتی وەرگرتنەوە و گرنتیی کردنی شایستەکانی ڕابوردوویان ، کە تەنها ئەندامانی کۆمەڵەکە بڕی ١,٥ ملیار دۆلاری نەوتی فرۆشراوی ڕابووردویان وەرنەگرتووە. بۆیە دەبێت پێش ئەوەی هەناردەکردنی بۆری لە کوردستانەوە دەستپێبکاتەوە ئە و دووخاڵە چارەسەر بکرێن .

ئەو خاڵەی کە زۆر زەقە و رێگرە لەبەردەم دەتسپێنەکردنەوەی هەناردەدا ئێستا پەیوەستە بە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان و بە تایبەتیش شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان. گرێبەستەکە لە جۆری هاوبەشیکردنە لەبەرهەمPSA ، کە عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات دژە بە دەستوور. لە یاسای بوجەدا خەرجی کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ هەربەرمیلێک نەوت بە ٩٠٠,٨ دینار دیاری کراوە، ئەمە بە تووندی لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە رەدکرایەوە و لە چەندین بەیاننامەدا رایانگەیاندووە کە دەبێت شایاستەکانیان بەپێی گرێبەستەکانی هاوبەشیکردن لە بەرهەم بێت کە زۆر زیاترە لە و بڕە .

بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی روونبین لە ڕابوردوودا کۆمپانیاکان لە نێوان ٢٢ بۆ ٢٨ دۆلاریان وەرگرتووە ( هەرگرێبەستەو بەجیا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت) .

ئێستا کۆمپانیاکانی نەوت ئەونەوتەی لەکێڵگەکان بەرهەمی دەهێنن خۆیان دەیفرۆشن (بەشێوەی پارەکەی بدە و نەوتەکە باربکە) دوای ئەوەی شایستە داراییەکانی خۆیانی لێ گلدەدەنەوە ئەوەی دەمێنێتەوە دەیدەن بە حکومەتی هەرێم. سەرەتا کاتێک ئاستی بەرهەمیان نزم بوو رێژەی ٥٠٪ ی هەموو بەرهەمەکەیان بۆخۆیان دەفرۆشت، ئێستا ئاستی بەرهەم ٧٠٪ ئاستی پێش هەناردەی تێپەڕاندووە بۆیە کۆمپانیاکان لە نێوان ٣٥٪ بۆ ٤٠٪ بەرهەم بۆ خۆیان دەفرۆشن و خەرجی و قازانجی کۆمپانیاکان بەبەردەوام وەردەگرن لەو نەوتەی دەیفرۆشن .

کۆمپانیا نەوتییەکان نیگەرانن لەوەی کە نەوتەکە بەنرخی زۆر داشکاو بە بازرگان و پالاوگە ناوخۆییەکان دەفرۆشن، بەلام لە گەڵ ئەوەشدا لە نیوەی دووەمی ساڵەوە کەوتونەتە قازانج.

نیگەرانییەکی تری کۆمپانیا نەوتییەکان ئەوەیە کە کڕیارانی نەوتی هەرێم بە ٥٠ دۆلار کەمتر نەوتی کێڵگەکانی هەرێم دەکڕن، بەلام بەرهەمە نەوتییەکان بەنرخی جیهانی لە عێراق و تورکیا ساغ دەکەنەوە. بۆیە دەترسن لەبەر ئەوهۆکارە بەرپرسە ناوچەییەکان زۆر جدی نەبن لە دەستپێکردنەوەی هەناردە.

## رێکەوتنەکان لەیاسای بوجەدا

لە یاسای بوجەدا هاتووە کە هەناردەی نەوتی عێراق رۆژانە ٣٣،٥ملییۆن بەرمیل نەوتە کە ٤٠٠ هەزاری هەرێمیشی تێدایە، بەمانایەکی تر هەرێم دەبێت رۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت یان وەزارەتی نەوت بکات . ئەم خاڵە بەتەواو تا ئێستا جێ بەجێ نەبووە. تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە دوای دەستپێکردنەوەی بەرهەم هێنان بەتێکڕا رۆژانە بڕی ٧٦ هەزار بەرمیلی رادەستی وەزارەتی نەوت کردووە لە بەرواری ٢٠٢٣/٦/١٥ تا ٢٠٢٣/١١/٣٠ لە و بەروارەوە هیچ بڕە نەوتێك رادەستی وەزارەتی نەوت نەکراوە کە بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێم کۆی ئەو نەوتەی رادەستی وەزارەتی نەوت کراوە لە ساڵی ٢٠٢٣دا بریتی بووە لە ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو.

# چالاکی کێڵگە نەوتییەکان: ئاستی بەرهەم و داهاتی کۆمپانیاکان لە ٢٠٢٣ دا



# کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO ASA)

## 1. کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO ASA)

ناوچەی گرێبەستی تاوکی ( کێڵگەی تاوکی – پیشخاپور) و باشیک

### چارەکی یەکەم :


کۆمپانیای دی ئێن ئۆ DNO لە ماوەی چارەکی یەکەمی 2023 دا بڕی 137.6ملیۆن دۆلار داهاتی کۆمپانیاکە بووە لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا لە چارەکی چواری ساڵی 2022 دا 174.5ملیۆن دۆلار بووە. هۆکاری کەم کردنی داهاتە بۆ نزمی ئاستی بەرهەم و نرخی نەوتی هەرێم دەگەڕێتەوە.

کۆی بەرهەمی ناوچەی گرێبەستی تاوکی کە هەردوو کێڵگەی تاوکی و فیشخاپورە بەیەکەوە لە چارەکی یەکەمی 2023دا بە تێکڕا ڕۆژانە 93 هەزار و 879 بەرمیل نەوت بووە (پشکی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ بریتی بووە لە 22,691 بەرمیل) کە فیشخاپور 49,478بەرمیل و تاوکی 44,400 بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا لە کاتێکدا بەرهەمی ڕۆژانە لە چارەکی چوارەمی ٢٠٢٢دا لەو دوو کێڵگەیە ١٠٦،٤٩٦ بەرمل بووکە کە فیشخاپور 59.350 بەرمیل و تاوکی 47,136 بەرمیل بووە لە کاتێکدا ( لە چارەکی سێهەمی ساڵی 2015 دا تەنها بەرهەمی کێڵگەی تاوکی بەبێ فیشخاپور 145,200 بەرمیلی ڕۆژانەبووە واتە لەماوەی ئەم 8 ساڵەدا ڕۆژانە 98,722 بەرمیل تەنها لەبەرهەمی ئەم کێڵگەیە کەمی کردوووە بەڕێژەی 70%). بەرهەمی باشیک بەتێکرا لە چارەکی یەکەمدا 841 بەرمیلی ڕۆژانەبووە لەکاتێکدا لە چارەکی چوارەمی 2022 دا 1,326 بەرمیل بووەبە پێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ. (ناوچەی باشیک کۆمپانیای دی ئێن ئۆ پشکی ی کێڵگەکەی هەیە و کۆمپانیای وزەی تورکی TECڕێژەی 16٪ی پشکەکانی هەیە) واتە کۆی بەرهەمی ڕۆژانە لە هەردوو ناوچەی تاوکی و باشیک بەیەکەوە بریتی بووە لە 94,720 بەرمیلی ڕۆژانە. لە کاتێکدا لە چارەکی چواری 2022 دا بریتی بووە لە 106,496 بەرمیل واتە بری 11,776 بەرمیل لەماوەی ئەوچارەکەدا بەرهەم کەمی کردووە. بەڕێژەی 11٪. بە هۆی کاری چاککردن لە بیرەکاندا بەرهەمهێنان لە کێڵگەکان کەمی کردووە بەراورد بە چارەکی پێشوو . لەم چارەکەدا کۆی نەوتی بەرهەم هاتوو لە ناوچەی گرێبەستی تاوکی تا وەساتانی هەناردە لە 25ی ئازاری 2023دا کە 83 ڕۆژدەکات بریتیبووە لە 7,784,487 (حەوت ملیۆن و حەوت سەد و هەشتاو چوار هەزار و چوارسەد و هەشتاو حەوت بەرمیل) وە هەروەها لە

کێڵگەی باشك کۆی بەرهەم بریتی بووە لە 69, 803 (شەست و نۆ هەزار و هەشت سەد و سێ بەرمیل بووە).

ئەو پارەیەی لە چارەکی یەکەمی ساڵدا کۆمپانیاکە خەرجی کردووە 39.7 ملیۆن دۆلارە رێژەی 40٪ی هەموو خەرجی ساڵەکە پێک بهێنێت. هەروەها خەرجی گەڕان و پشکنین لەم چارەکەدا لەهەرێمی کوردستان سفر بووە.

تێچووی خەرجی بەرهەمهێنانی رۆژانەی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە 5.8 دۆلار لە کاتێکداله . چارەکی پێشودا 5.6 دۆلار بووە ئەمەش بەزۆری بۆ کەمکردنی ئاستی بەرهەم هێنان دەگەڕێتەوە پشکی کۆمپانیاکە لە نەوتی بەرهەم هاتووەی کێڵگەکە رۆژانە 22,691 بەرمیل بووە لە کۆی 94,720 بەرمیل واتەرێژەی نزیکەی٢٤٪ی هەموو بەرهەمی تاوکی باشیک پێکەو ە.



## چارەکی دووەم

بەهۆی راوەستانی هەناردەوە لە 25ی ئازاری 2023و پرکردنی ئەمبارەکانی هەڵگرتنی نەوت, لە 29ی ئازاردا و تەنها 4رۆژ لە دوای وەستانی هەنارده ئەمبارەکانی کێڵگەکە پڕ بوون و بەرهەمی کێڵگەکان بەتەواوی وەستا. لەم چارەکەدا بەرهەمی کێڵگەی ناوچەی گرێبەستی تاوکی )فیشخاپور و تاوکی( سفر بووە.

کۆمپانیای دی ئێن ئۆ DNO دەڵێت "بە لەبەرچاوگرتنی نادیاری کاتی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن و لەوەش گرنگتر پارەدان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەپای فرۆشتنی نەوتی پێشوودا کۆمپانیای DNO خەرجییەکانی کەمکردەوە، لەنێویانیدا خەرخی هەڵکەندنی بیریش. لە کاتێکدا لەچارەکی یەکەمی 2023 دا پێنج بیر تەواو بوون و 3 بیری تریش دەستی پێکرابوو بەلام لەوکاتەوە تا ئێستا هیچ بیرێکی نوێ هەڵنەکەندراوە .

هەروەها ژمارەی سەکۆکانی هەڵکەندنی بیرە چالاکەکان لە ناوچەی مۆڵەتی تاوکێ لە چوارسەکۆوە لە سەرەتای ساڵی 2023 بۆ هیچ لە نیوەی دووەمی ساڵدا دابەزیوە.

کۆمپانیاکە لەم چارەکەدا دەستی کرد بەکمکردنەوە ستافەکانی بۆ نزمترین ئاست لە پێناو .کەمکردنەوەی خەرجی کێڵگەکان

کۆی بەرهەمی کێڵگەی باشیک لەماوەی ئەمچارەکەدا بە تێکڕا 65 بەرمیلی رۆژانە بوو لەکاتێکدا .لە چەرەکی یەکەمیدا بریتی بوو لە 841 بەرمیلی رۆژانە. کۆی ئەو بەرهەمە لەمانگی نیساندا بووە .و لە ئەمبارەکاندا هەڵگیراوە

داهاتی کۆمپانیاکە لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە 1.9 ملیۆن دۆلار لە کاتێکدا لە چارەکی یەکەمدا 137.6 ملیۆن دۆلار بووە واتە بەرێژەی 98.6%داهاتیان کەمی کردووە. تێچووی خەرجی بەرهەمهێنانی رۆژانەی بەرمیلێک نەوت لەم چارەکەدا بریتی بووە لە 6,998.4دۆلار لە کاتێکدا لە چارەکی پێشودا 5.8دۆلار بوو ئەمەش شتێکی نائاساییە و هۆکەی بۆ وەستانی بەرهەمهێنان لەم چارەکەدا دەگەڕێتەوە.

کۆی سەرمایە گوزاری کۆمپانیەکە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کەمی کردووە وە ئەمش وایکردووە ئەو پارەیەی لە چارەکی Capex دووەمدا لە سەرمایە گوزاریدا خەرجیان کردووە20.5 ملیۆن دۆلار بووە لە کاتێکدا لە چارەکی یەکەمدا 39.7 ملیۆن دۆلار بووە. هەورووەها خەرجی گەڕان و پشکنین لەم چارەکەدا (0) سفر بووە.

## چارەکی سێیەم:

لە کۆتایی چارەکی دووەمەوە لە کێڵگەی تاوکی لە ناوچەی گرێبەستی تاوکی دەستکرایەوە بە بەرهەم هێنانی نەوت بەلام کێڵگەی پیشخاپور هەر بە داخراوی مایەوە. سەرەتا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بە 40 هەزار بەرمیل دەستی پێکرد. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی بەرهەمی کێڵگەکە ئەو نەوتەی بەرهەم دەهات کۆمپانیاکە لە بازاڕی ناوخۆدا دەیفرۆشت بە بازرگان و پالاوگەکەن 50%ی داهاتەکەی رادەستی حکومەت دەکرد. وە ئەو 50% یەی کەدەمایەوە بۆخۆی گلدەدایەوە. کۆمپانیاکە پێشەکی پارەی ئەو نەوتەی بە کڕیارانی دەدات وەری دەگرێت پێش ئەوەی باری بکەن ،وە نرخی نەوتی فرۆشراوی کێڵگەکە لە نێوان 32 بۆ 34 دۆلار دا بووە لە کاتێکدا نرخی نەوتی سۆمۆ لەم ماوەیەدا بەتێکڕا بە 86.66 دۆلار فرۆشراوە .

تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەی تاوکی بریتییە لە 25,984 بەرمیل نەوتی رۆژانە لە کاتکدا لە چارەکی دوومدا بەرهەم سفر بووە. .هیچ کارێکی هەڵکەندنی بیر لەم ماوەیەدا ئەنجام نەدراوە بەهەمان شێوەی چارەکی دووەم بە هۆی بەردەوامی وەستانی هەناردە و دواکەوتنی شایستەی کۆمپانیاکان هەروەک دی ئێن ئۆ ڕایگەیاندووە. . کێڵگەی فیشخاپوور هیچ بەرهەمی نەبووە لەم ماوەیەدا .هەروەها کێڵگەی باشیک هیج بەرهەمی نەبووە لە کاتێکد لە چارەکی پێشودا .بەرهەمی 65 بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا.

تێچووی خەرجی بەرهەمهێنانی٢ رۆژانەی بەرمیلێک نەوت لەم چارەکەدا بریتی بووە لە 10.2 دۆلار لە کاتێکدا لە چارەکی پێشودا 6998.4دۆلار بوو.

کۆی پوختەی داهاتی کۆمپانیاکە لەم چارەکەدا لە فرۆشی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە 32.3 ملیۆن دۆلار لە کاتێکدا لە چارەکی دووەمدا 1.9 ملیۆن دۆلار بووە .بەتێکڕا کۆمپانیاکە رۆژانە 9,897 بەرمیلی فرۆشتووە

کۆی سەرمایە گوزاری کۆمپانیەکە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە زیاتر کەمی کردووە وە ئەمش وایکردووە ئەو پارەیەی لە چارەکی Capex سێیەمدا لە سەرمایە گوزاریدا خەرجیان کردو تەنها 5.8 ملیۆن دۆلار بێت لە کاتێکدا لە چارەکی دووەمدا 20.5 ملیۆن دۆلار بوو. هەوروەها خەرجی گەران و پشکنین لەم چارەکەشدا .سفر بووە

## چارەکی چووارەم:

لەم چارەکەدا ئاستی بەرهەمی کێڵگەکەدەستی بەزیاد بوون کرد بەڕێژەیەکی بەرچاو، بەتایبەتی کاتێک کێڵگەی پیشخاپور کەوتەوە بەرهەم لە 16ی تشرتنی یەکەمدا و بەرهەمی بۆ دوو هێندە زیادکرد )لە 26 هەزار بەرمیلەوە بۆ 52 هەزار بەرمیلی رۆژانە( لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمەوە بەرهەم گەشتە 90 هەزار بەرمیلی رۆژانە کە نزیکە لە و بڕەی پێش وەستانی هەناردەی نەوت لە 25ی ئازاردا بەرهەمدەهات کە 93 هەزار 879 بەرمیل بوو واتە ئێستا بەرێژەی 96٪ ی تەواوی توانای چارەکی یەکەمی کێڵگەکەیە.

دی ئێن ئۆ دواهەمین جار کە شایستەی دارایی وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێم مانگی ئازار 2023 بووە کە شایستەی مانگی ئەیلولی2022ی وەرگرتووە، لە دوای دەستپێکردنەوەی بەرهەم هێنانی نەوت لە مانگی تەموزی 2023 وە کۆمپانیاکە پشکی خۆی لە نەوتە بەرهەم هاتووەکە وەردەگرێت و لە بازاڕی ناوخۆدا دەیفرۆشیت بەنرخی داشکاو نزیکەی ٥٠٪ کەمتر لە و نرخەی کە پێشتر دەفرۆشرا.

کۆی ئەو بڕە نەوتەی لە دوای دەست پێکردنەوەی بەرهەم هێنانەوە لە کۆتایی چارەکی دووەمەوە بەرهەم هاتووە لە تاوکی تا 31ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ بریتی بووە 8,441,644 (هەشت ملیۆن و چوار سەد و چل ویەک هەزار و شەش سەد وچل وچوار بەرمیل). وەکۆی بەرهەمی کێڵگەکە لە تەواوی ساڵەکەدا بریتی بووە لە 16,890,740 ( شانزە ملیۆن و هەشت سەد و نەوەد و هەزار و حەوت سەد و چل بەرمیل لە گەڵ 81,760 ( هەشتاو یەک هەزار و حەوت سەد و شەست بەرمیل لە باشیک.

| بەرهەمی ناوچەی گرێبەستی تاوکی و باشیک/ تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە | | | |
|---|---|---|---|
| | چارەکی چوارەم | ساڵی ٢٠٢٣ | کۆی بەرهەمی ٢٠٢٣ |
| تاوکی | 36,136 | 26,577 | 9,700,605.00 |
| فیشخاپور | 29,637 | 19,699 | 7,190,135.00 |
| باشیک | سفر | 224 | 81,760.00 |
| کۆی بەرهەم | | | 16,972,500.00 |

لە ماوەی نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣ دا دیٔ ئێن ئۆ DNO نەوتی کێڵگەکەی فرۆشتووە بە بازاڕی ناخۆ بە نرخی ٣٢-٣٤ دۆلار بۆ هەربەرمیلێک نەوت، لە ٥٠٪ ی بۆخۆی گلداوەتەوە وەکو شایستەی دارایی کۆمپانیا و 50٪یشی داوە بە حکومەتی هەرێم، بەو پێیە  کۆی داهاتی کێڵگەکە دوای دەستپێکردنەوەی بەرهەم بریتی بووە لە 278ملیۆن و 767 هەزار دۆلار لەم پرەش رێژەی 50٪ی بۆ حکومەتە کەواتە لە کێڵگەی تاوکی و فیشخاپور و باشیک لە سێ چارەکی 2023 دا بەبێ چارەکی یەکەم هەریەکە لە حکومەت و کۆمپانیاکان ( دی ئێن یۆ و گەنێڵ ئەنێرجی بەیەکەوە) پری 139 ملیۆن و 383 هەزار دۆلاریان بۆماوەتەوە لە فرۆشتنی 8 ملیۆن و 448 هەزار بەرمیل نەوت.

| کێڵگە | چارەکی دووەم | چارەکی سێهەم | چارەکی چوارەم | کۆی بەرهەمی ٢٠٢٣ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| تاوکی | سفر | 2,380,040 | 3,324,512 | 5,704,552.00 |
| فیشخاپور | سفر | 10,488 | 2,726,604 | 2,737,092.00 |
| باشیک | 5,850 | سفر | سفر | 5,850.00 |

نرخی نەت لەماوەیەدا لە نێوان ٣٢ بۆ ٣٤ دۆلار بووە بۆیە ئێمە بەتێکڕا ٣٣ دۆلارمان دیاری کردووە .

| کۆی بەرهەم /بەرمیل | نرخ /$ | داهات /$ | پشکی هەرێم/ ٥٠٪ |
| --- | --- | --- | --- |
| 8,447,494 | 33 | 278,767,302 | 139,383,651 |

لەدوای وەستانی هەناردەوە کۆمپانیای دی ئێن ئۆ لە کێڵگەکە پری ١١٥ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلار داهاتی بووە وە کۆمپانیای گەنێڵل ئەنێرجیش  ٢٤ ملیۆن دۆلار داهاتی بووە.


داهاتی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ چارەک بەچارەک لە ساڵی ٢٠٢٣دا:

| ساڵی ٢٠٢٣ | ملیۆن دۆلار |
|---|---|
| چارەکی یەکەم | 137.6 |
| چارەکی دووەم | 1.9 |
| چارەکی سێهەم | 32.5 |
| چارەکی چوارەم | 81.2 |
| کۆی داهات | 253.2 |

لەماوەی ساڵی ٢٠٢٣ دا دیئێن ئۆ کۆی 253 ملیۆن دۆلار داهاتی بووە لەکێڵگەکانی کوردستان .

| داهاتی دی ئێن ئۆ DNO لە ٢٠٢٣ | ملیۆن دۆلار |
|---|---|
| چارەکی یەکەم | 137.6 |
| فرۆشی ناوخۆ / دوای وەستانی هەناردە | 115.6 |
| کۆی داهات | 253.2 |

کۆمپانیای دی ئێن ئۆ  پری 317.4 ملیۆن دۆلار قەرزی لای حکومەتی هەرێمە هی ئەو نەوتەی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ بۆ ئازاری ٢٠٢٣ بەرهەم هاتووە   و فرۆشراوە.



## گلدانەوەی گاز

پرۆژەی گازی فیشخاپور- تاوكی كە بە بری 110 ملیۆن دۆلار لە ناوەراستی ساڵی 2020 دا كەوتە بواری جێبەجێكردنەوە. تاكە پرۆژە یە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق بۆ جیاكردنەوە و چارەسەركردن و كۆكردنەوەی گازی هاوتای نەوت لە كێڵگەی فیشخاپور، پاشان گواستنەوەی لەڕیگەی هێڵێكی بۆری 80 كیلۆمەتری بۆ كێڵگەی تاوكی و داخڵ كردن و كۆكردنەوەی لە حەشارگەكەدا (Inject). كۆمپانیای DNO لە ساڵی 2023 قۆناغی دووەمی گرتن و داخڵ كردنی گازی لە كێڵگەی تاوكی دەستپێكرد و تێچووی پرۆژەكە بۆ 135 ملیۆن دۆلار بەرزكردەوە. ئەم پرۆژەیە لەدوای دەستپێكردنی قۆناغی یەكەمەوە لە ساڵی 2020 ەوە كۆی گشتی 22 ملیار پێ سێجا گازی گلداوەتەوە لە فیشخاپور و بە هێڵێك گواستویەتییەوە بۆ كێڵگەی تاوكی و داخڵی حەشارگەكەی كردووەتەوە كە بەرانبەرە بە 1.4ملیۆن تۆن گازی دوانە ئۆكسیدی كاربۆن CO2 تا كۆتایی ساڵی 2023 كە پێشتر ئەو گازە لە كێڵگەكە دەسوتێنرا.

## هێزی كار

لە هەرێمی كوردستان، DNO لە كۆتایی ساڵی 2023 دا 819 كارمەندی هەبووە كە كۆمپانیاكە دەڵێت رێژەی 87٪یان كرێكاری ناوخۆیی بوون، زۆربەیان لە ڕۆڵی بەڕێوەبردن و سەركردایەتیدا بوون. كۆمپانیای DNO بانگەشەی ئەوە دەكات كە گەورەترین خاوەنكارە بۆ ژن و پیاوی كورد لەنێو كۆمپانیا نێودەوڵەتییەكانی نەوت و گاز كە لە ناوچەكەدا كاردەكەن.

كۆمپانیاكە هەلی كار دەڕەخسێنێت بۆ كۆمەڵگای ناوچەكە ، سالانە هەلی كار بۆ پرێك لە دەرچووی زانكۆكانی ناوخۆ دەستنیشان دەكات و دەڕەخسێنێت ، لە ڕێی بەرنامەی راهێنانی فەرمییەوە .

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەو هەلانە بەپێی لێوەشاوەیی توانا كان بێت نەك پشك پشكێنەی حیزبەكان. چوونكە راستە كۆمپانیا هەلە كە دەڕەخسێنێت بەلام بە پێی بەدوادا چوونەكانمان گەشتوین بەو راستییەی لە دواجاردا وەزارەتی سامانە سروشتییەكان ناوی كاندیدەكان بۆ هەرپۆستێك دەنێرێت بۆ ئاسایشی ناوچەكە و لێرەوە دەستێوەردان و پشتگیری حیزبی دەست پیدەكات. ئەمە بۆ هەموو كێڵگەكان و ناوچەكان راستە لە هەرێم بەبێ جیاوازی .

کۆمپانیای دی ئێن ئۆی DNO نەرویجی پشکی 75٪ ناوچەی گرێبەستی تاوکی هەیە و ئەوی دەمێنێتەوە کە دەکاتە 25٪ پشکی کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی تورکییە. هەروەها لە باشیك کۆمپانیاکە 64٪ پشکی هەیە و کۆمپانیای تی ئی سی TEC کۆمپانیای وزەت تورکی 16٪ و هەرێمی کوردستان 20٪ی پشکەکانیان هەیە[1].



# کۆمپانیای گنێڵ ئەنێرجی

## 2. كۆمپانیای گنێڵ ئەنێرجی

ئەم كۆمپانیایە لەچەند كێڵگەیەكی هەرێمی كوردستان بەرهەمهێنان دەكات، لە گەڵ كۆمپانیایی دی ئێن ئۆ یەكێكن لە كۆنترین كۆمپانیاكانی بواری نەوت كە لە هەرێمی كوردستان بەرهەمهێنان دەكەن. گەنێل ئەنێرجی  لە هەریەك لە كێڵگەكانی تەق تەق، تاوكی فیشخاپور و سەرتە نەوتی بەرهەم دەهێنا، بەلام لە دوای وەستانی هەناردەوە لە كۆتایی چارەكی یەكەمی 2023 ە وە هەریەك لە كێڵگەی تەقتەق و سەرتە نەكەوتوونەتەوە بەرهەم هێنان .  پێشتریش لە بەرئەوەی سەركەتوو نەبوون  نەوتی بازرگانی لە كێڵگەی قەرەداغ  بدۆزنەوە بلۆكە نەوتییەكەیان  رادەستی وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان كردەوە .

### چارەكی یەكەم تا وەستانی هەناردە

گەنێڵ ئەنێرجی بەپێی ڕاپۆرتی مانگانە لەچارەكی یەكەمی ساڵی 2023 دا كۆی 64.4 ملیۆن دۆلاری لە هەرێم وەرگرتووە بۆ شایستەی دارایی مانگی ئاب و ئەیلولی 2023 . هەرچەندە لە ڕاپۆرتی چارەكی كۆتایی ساڵدا دەڵێت 61 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. جیاوازی نێوان ئەو دوو ژمارەیە 3.4 ملیۆن دۆلارە!

| پارەی وەرگیراو لە لایەن كۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی Genel Energy لە هەرێمی كوردستان – چارەكی یەكەم- 2023 | |
|---|---|
| جۆری داهات | چارەكی یەك  ساڵی 2022 |
| شایستەی فرۆشی نەوت- ملیۆن دۆلار | 44.8 |
| وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو- ملیۆن دۆلار | 19.6 |
| كۆ- ملیۆن دۆلار | 64.4 |

بڕی ئەو پارانەی گەنێڵ و هاوپشكەكانی وەریانگرتووە لەگەڵ ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو سێ كێڵگەیەی گەنێڵ ئەنێرجی كاری تێدا دەكات و بەرهەمی هەیە بەم شێوەیە  بووە:

## شایستەی گەنێڵ لە تاوکی:

کۆی ئەو پارانەی گەنێڵ بۆ تاوکی وەری گرتووە بریتی بووە لە ٥٥,٩ ملیۆن دۆلار لەم بڕە 36.3 ملیۆن دۆلار وەکو شایستەی فرۆشی نەوت بۆ مانگەکانی ئاب و ئەیلولی 2022 وەرگیراوە، 19.6 ملیۆن دۆلار وەکو شایستەی دواخراو و قەرز وەرگیراوە کە بەسەر یەکەوە 55.9 ملیۆن دۆلار دەکات کە لە ناوچەی گرێبەستی تاوکی گەنێڵ ئەنێرجی وەری گرتووە.

| شایستەی گەنێڵ لە کێڵگەی تاوکی لە چارەکی 1ی 2023 وەری گرتووە | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری داهات | مانگی ئاب | مانگی ئەیلول | کۆ |
| شایستە بۆ فرۆشی نەوت | 20.2 | 16.1 | 36.3 |
| شایستەی دواخراو | 6.5 | 13.1 | 19.6 |
| کۆ | 26.7 | 29.2 | 55.9 |

## تەق تەق (گەنێڵ ئەنێرجی و ئاداکس پەترۆلیۆم)

کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی لە ماوەی چارەکی یەکەمی 2023 دا کۆی 4.9ملیۆن دۆلاری وەکو پشکی خۆی بۆ شایستە داراییەکانی مانگی ئاب و ئەیلولی 2022ی ئەم کێڵگەیە بە دوو گوژمەی 2.5 ملیۆن دۆلار و 2.4ملیۆن دۆلار وەرگرتووە، هەروەها کۆمپانیای ئاداکس پەترۆلیۆم کۆی 6 ملیۆن و 370 هەزار دۆلاری وەکو شایستەی دواخراوی مانگەکانی ڕابوردوو بەسێ گوژمە کانوونی دووەم 2ملیۆن 969 هەزار و 72 دۆلار، شوبات 1 ملیۆن و 944 هەزار و 393 دۆلار، ئازار 1ملیۆن و 457 هەزار و 305 دۆلاری لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە. واتە کۆی ئەو پارەیەی کۆمپانیاکان لەم چارەکەدا وەریان گرتووە لە کێڵگەی تەق تەق بریتی بووە لە 11.27 ملیۆن دۆلار.

| چارەکی یەکەم | ئەداکس پترۆلیۆم |
|---|---|
| کانوونی دووەم | 2,969,072 |
| شوبات | 1,944,393 |
| ئازار | 1,457,305 |
| کۆی جارەکی ١ | 6,370,770 |

| داهاتی کۆمپانیاکان لە کێڵگەی تەق تەق – چارەکی یەکەم -٢٠٢٣ | | |
|---|---|---|
| گەنێڵ ئەنێرجی / ملیۆن دۆلار | ئاداکس پترۆلیۆم/ ملیۆن دۆلار | کۆ/ ملیۆن دۆلار |
| 4.9 | 6.37 | 11.7 |

کێڵگەی تەق تەق یەکێک بوو لە کێڵگە گەورەکانی هەرێم. کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی خاوەنی 44% پشکی کێڵگەکەیەو هەروەها کۆمپانیای ئاداکس پەترۆلیۆم پشکی 36% هەیە و هەرێمیش 20٪ . گەنێڵ ئەنێرجی لە ساڵی 2002 ەوە گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کردووە بۆ ئەم کێڵگەیە. لە سەرەتای ساڵی 2015 دا ئاستی بەرهەم گەشتە 148,200بەرمیل لەرۆژێکدا پاشان لەنیوەی یەکەمی ساڵی 2015 دا ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە کەمبویەوە بۆ 128,900بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا و لە و کاتە بەدواوە بەردەوام ئاستی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە لەکەم بووندایە تا گەشتە ئەوەی پێش وەستانی بەرهەم ئاستی بەرهەمی رۆژانەی 3,610 بەرمیل بوو وەهەندێ جاریش کەمتر لە سێ هەزار بەرمیل ، هۆکارەکەشی بۆ راکێشانی ئاو Coning بۆ ناو حەشارگەکە دەگەڕێنرێتەوە, شارەزایان هۆکاری ئەم کێشەیە بۆ زۆر فشارکردنە لە بیرەکان و زیاتر لەو رێەی کە دەبێت بەرهەم بهێنرێت دەگێڕنەوە.

لەدوای ئەوەی هەناردە وەستا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە وەکو کێڵگەکانی تر ئاڕاستەی کۆگای ئەمبارکردنی کێڵگەکە کرا، بەهۆی ئەوەی کۆگاکانی ئەم کێڵگەیە سەرەتا بۆ بەرهەمی 150 بۆ 200 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە دروستکراوە، وە لەبەرئەوەی ئاستی بەرهەم ئێستا تەنها ٢٪ی ئەو توانایەیە بەرهەمی کێڵگەکە بۆماوەیەکی درێژ توانرا ئەمبار بکرێت. بەلام لە بەرواری ی ئابەوە ئەمبارەکانی20 کێڵگەکە پڕ بوون و بەرهەم وەستا، تا ئێستا هێشتا بەرهەمهێنانی

نەوت لە کێڵگەکە دەستی پێ نەکردووەتەوە بەپێی لێدوانی ئەندرو بێنبو وتەبێژی کۆمپانیاکە بۆ روونبین.

## شایستەی سەرتە (گەنێڵ ئەنێرجی و شیڤرۆن)

لە چارەکی یەکەمی 2023دا کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی بڕی 3.6ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. هەروەها بەپێی پشکەکان کۆمپانیای شیڤرۆن بڕی 5.9 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە( پشکی شیڤرۆن لەسەر بنەمای پشکی کۆمپانیاکە لە کێڵگەکە وەرگیراوە) واتە بەسەریەکەوە بری 9.5 ملیۆن دۆلار لەم کێڵگەیە لەلایەن هەردوو کۆمپانیاکەوە وەرگیراوە.

. لەم کێڵگەیەدا شایستەی دواخراو نییە چوونکە ئەم کێڵگەیە لە مانگی تشرینی دووەم 2020 بەفەرمی وەک کێڵگەیەکی بەرهەمهێنی بازرگانی ڕاگەیەنرا.

| داهاتی کۆمپانیاکان لە کێڵگەی سەرتە – چارەکی 1- 2023 | | |
|---|---|---|
| گەنێڵ | شێڤرۆن | کۆ |
| 3.6 | 5.9 | 9.5 |

سەبارەت بە کەمبونەوەی بەرچاوی بەرهەمی کێڵگەی سەرتە و ئایا هەمان سەرئەنجامی تەق تەق`چاوەڕێی سەرتەش دەکات، لە کەم بوونەوەی بەرهەم؟ کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی "ڕایگەیاند - گەنێڵ و هاوبەشەکەی، شیڤرۆن، لە چارەکی دووەمی 2023دا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ('MNR')یان ئاگادارکردەوە لە نیازی ڕادەستکردنەوەی کێڵگەی سەرتا و بەو هۆیەوە کۆتاییهێنان بە گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەمی PSCی کێڵگەکە ، بۆیە گرێبەستەکە بەرواری کانوونی دووەمی 2023. کۆتایی دێت هەندێک چاکسازی سنووردار پێشبینی دەکرێت بە تێچووی کەم بکرێت و لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2024 تەواو بێت.

پشکی گێنێل لەو بڕە سنووردارەی نەوتی کە لە کێڵگەکەدا هەڵدەگیرێت فرۆشراوە بەبازاڕی ناوخۆ.

بەرهەمی کێڵگەکە سەرەتا 5,000 بەرمیل بوو پاشان بۆ زیاتر لە 10,000 بەرمیل نەوت بەرزبوویەوە، بەلام ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە بەرێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە لە چارەکی

یەکەمی 2023 دا ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە 3,160 بەرمیلی رۆژانە بووە لە کاتێکدا لە چارەکی یەکەمی 2022 دا 5,590 بەرمیل بەرهەمی رۆژانەبووە. ئێستا کێڵگەکە لە بەرهەم هێنان وەستاوە بەهۆی وەستانی هەناردەوە. لەم کێڵگەیەش دیسان کێشەی راکێشانی ئاو هەیە بۆ بیرەکە بەهۆی هاتنی ئاو بۆ ناوبیرەنەوتییەکان بەرهەم کەمی کردوو پاشان بەهۆی coning Water ، ئەوەی سوودی ئابووری نەبوو کۆمپانیاکان کێڵگەکەیان رادەستی هەرێم کردەوە.
کێڵگەی سەرتە دەکەوێتە پارێزگای هەولێرەوە و کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمەریکی پشکی 50٪ و گەنێڵ ئەنێرجی 30٪ و هەرێم 20٪ ی هەبووە.

**لە دوای وەستانی هەناردەوە**

پوختەی بەرهەمی کۆمپانیکە 12,410 بەرمیل بووەلە ڕۆژێکدا لە ساڵی 2023 لەکاتێکدا 30,150 بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا لە ساڵی 2022دا. دواى داخستنى بۆرى عێراق توركيه (’ITP‘)لە مانگی ئازاردا، کەمترین فرۆش لە نێوان نیسان و ئابدا بووە پاشان فرۆشتنی ناوخۆییدەستی پێکردوو ئاستی فرۆش زیادی کرد . لە چارەکی سێهەمدا ئاستی بەرهەمی تاوکی تێکڕا 25 هەزار و 980 بەرمیلی رۆژانە بووە پاشان زیاد دەکات بۆ 52 هەزار بەرمیلی رۆژانە لە مانگی تشرینی دووەمدا و لە کانوونی یەکەمدا بە هەردوو کێڵگەی تاوکی و پیشخاپور بەرهەم بۆ 90 هەزار بەرمیل بەرزدەبێتەوە هەروەک لە لەسەرەوە لە جالاکی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ DNOدا باسکراوە چوونکە گەنێڵ خاوەنی 25٪ی پشکەکانە لەو ناوچەی گرێبەستە.
سەبارەت بەکێڵگەی سەرتە ، پاش ئەوەی ئەمبارەکانی کێڵگەکە لە سەرەتای ئایاری 2023 دا پڕ دەبێت . هەروەها کێڵگەی تەقتەقیش لە 20ی ئاب دا ئەمبارەکانی پڕ دەبێت ، تا ئێستا بەرهەم هێنان لە تەق تەق ، دەستی پێنەکردووە تەوە. ناوچەی گرێبەستی سەرتەش کۆمپانیاکە گرێبەستەکەی کۆتایی پێ هێناوە و لە کۆتایی ساڵی 2023 ەوە کێڵگەکە رادەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کراوەتەوە. لەو دوو کێڵگە تەنها نەوتە ئەمبارکراوەکان بە بازاڕی ناوخۆ فرۆشرا وە ،

**داهاتی فرۆشی نەوت:**

گەنێڵ ئەنێرجی لە ماوەی ساڵی 2023دا کۆی داهاتی 101 ملیۆن دۆلار بووە لە کاتێکدا لەساڵی 2022 داهاتی 473 ملیۆن دۆلار بووە واتە بەرێژەی 78٪ داهات کەمی‌کردووە .
لەمپرە داهاتی فرۆشتنی هەناردەکردن 61 ملیۆن دۆلار کە پەیوەندی بەو فرۆشتنەوە هەیە کە لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی 2022ئەنجامدراوە و لە چارەکی یەکەمی 2023 دا وەرگیراوە.
هەروەها پڕی 40 ملیۆن دۆلار داهاتی فرۆشتنی ناوخۆیی لە نیوەی دووەمی 2023 دوای وەستانی هەناردەکردن بووە، کە لەو پرەش 26 ملیۆن دۆلاری لە چارەکی چوارەمی دا2023 وەرگیراوە.

| ملیۆن دۆلار | داهاتی گەنێڵ ئەنێرجی لە ٢٠٢٣ |
|---|---|
| 61 | چارەکی یەکەم ، لەرێی بۆرییەوە |
| | فرۆشی ناوخۆ / دوای وەستانی هەنارده |
| 14 | فرۆشی ناوخۆ / چارەکی دوو ،سێ |
| 26 | فرۆشی ناوخۆ / چارەکی چوارەم |
| 101 | کۆی داهاتی گەنێڵ |

گەنێڵ ئەنێرجی پڕی 107 ملیۆن دۆلاری لای حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بۆ فرۆشی نەوت لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ تا وەستانی هەناردە لە کۆتایی ئازاری ٢٠٢٣.

## کێڵگەی قەرەداغ (گەنێڵ ئێنێرجی و شیڤرۆن)

گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەم PSAی قەرەداغ لە مانگی کانوونی دووەمی 2023 کۆتای هاتووە. لەوەلامی پرسیاری ڕوونبیندا سەبارەت بە ناوچەی گرێبەستی قەرەداغ گەنێڵ ئێنێرجی بە ڕوونبینی ڕاگەیاند" ئێستا گرێبەستی PSAی قەرەداغ بەسەرچووە و لەدەستی حکومەتی

هەرێمدایە. گەنێڵ لەساڵی 2021 دا ڕایگەیاند لەمساڵدا هەڵکەندنی بیری قەرەداغ 2 بڕی 30 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، بەلام نازانرێت دوای چەندین ساڵ کارکردن چەندیان خەرج کردووە. وەسەبارەت خەرجی کۆمپانیاکان لە وکێڵگەیە وتەبێژی گەنێڵ بەرووبینی ووت" کۆی گشتی خەرجی ناوچەی گرێبەستەکە ئاشکرا نەکراوە". بەپێی زانیارییەکانی ئێمە و بەدواداچوونەکانمان کۆمپانیای گەنێڵ هەموو ستافەکەی و نوسینگەکەی سلێمانیشی کشاندووەتەوە . هەروەها کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی لە پێگەی فەرمی خۆی کێڵگەی قەرەداغی لابردووە کە پێشتر وەکو کێڵگەیەک کە لە قۆناغی پێش بەرهەمهێناندایە pre-production دانراوو.

کێڵگەی نەوتی قەرەداغ کەوتووەتە ناوچەی قەرەداغی سلێمانییەوە و کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی پشکی 40٪ ی پشکەکانی هەبووە و کۆمپانیای شیڤرۆنێش 40٪ و هەرێمی کوردستانیش 20٪ بوو.

قەرەداغ بەپێی ڕاپۆرتەکانی شیڤرۆن و گەنێڵ ئەنێرجی ناوچەیەکی جیۆلۆجی ئاڵۆزە. کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی لە سەرەتای ساڵی 2019دا رایگەیاند کە حکومەتی هەرێم رەزامەندی نیشانداوە لەسەر کرینەوەی بەشێک لە پشکەکانی شیڤرۆن و لەو کاتەوە وەکو کۆمپانیای سەرکار گەڕان و پشکنین دەکات و خەریکی هەڵکەندنی بیری قەرەداغ 2 بوو و چەندین جار کێشەی بۆ دروست بوو کاری هەڵکەندن هەڵدەسەپێردراو ڕادەگیرا و جارێکی تر دەستی پێدەکردەوە تاوەکو ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی 2022 کۆمپانیا رایگەیاند کە سەرکەوتوو نەبوون و جارێکی تر لە گەل هاو کارەکانیاندا هەڵسەنگاندنی بۆدەکەنەوە. شیڤرۆن یەکێکە لەکۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە بواری گاز و نەوت و سەبارەت بەهەرێمی کوردستان دەڵێت " شێڤرۆن تەکنۆلۆجیای زۆر پێشکەوتوو بەکاردەهێنێت لەهەرێمی کوردستان بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی وزەدا" بەلام وادیارەمەترسی و ئاڵۆزییە جیۆلۆجییەکان نائومێدی کردوون. بەپێی گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەم PSA گەر کۆمپانیا لەماوەی گەڕان و پشکنیندا نەگەشت بە بەرهەمی بازرگانی مافی وەرگرتنەوەی هیچ خەرجییەکی نییە. جێگای ئاماژەپێدانە لە ماوی کەمتر لە ساڵێکدا 3 کێڵگە لە کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی وەرگیراوەتە.ساڵێک پاشتریش کێڵگەی چوارەم کە کێڵگەی سەرتەیە ڕادەستی حکومەتی هەرێم کراوەتەوە.

## کێڵگەی میران و بنەباوی :

کێڵگەی بنەباوێ و میران دوو کێڵگەی گازین و 100٪ ی پشکەکانی ئەم دوکێڵگەیە هی کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی بووە.

دوای ئەوەی کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی لە بەرواری 20ی ئابی 2021 دا ڕایگەیاند کە لە لایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە ئاگادار کراوەتەوە کە حکومەتی هەرێم دەیەوێ کۆتایی بهێنێت بە گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەم لە کێڵگەی بنە باوی ومیران , کۆمپانیاکە لە بەرواری 10ی کانوونی یەکەمی 2021 رایگەیاند بەفەرمی لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمەوە ئاگادار کراوەتەوە کە حکومەتی هەرێم گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەم کۆتایی پێ دێنێت.

دوای ئەوەی هەرێم گرێبەستی گەنێڵ ئێنێرجی لە هەردوو کێڵگەی گازی بنەباوێ و میران هەڵوەشاندەوە بۆردی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە رایگەیاند ”گەشتینە ئەو دەرەنجامەی هیچ بژاردەیەکی کردەیمان لە بەردەم دا نییە جگە لە رازی بوون بە کۆتایی هێنان بە گرێبەستی هاوبەشی لە بەرهەم وە کو دەرەنجامێک بۆ کۆتایی پێهێنانی گرێبەستەکە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، وە داوای قەرەبوو لە حکومەتی هەرێم بکات.”

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەست روونبیندایە دادگای ناوبژیوانی لەندەن London Courts of International Arbitration ١٩ای مانگی شوباتی ٢٠٢٤ی دیاری کردبوو وەکو وادەی دادبینیکردنی بۆ کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای گەنێڵ ئێنێرجی. لە داواکەدا کۆمپانیاکە داوای قەرەبووکردنەوەی زۆر دەکات بۆ ئەوزیانە گەورەیەی لێی کەوتووە لە ئەنجامی کۆتای هێنان بەگرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەم بۆ هەردوو کێڵگەی بنەباوێ و میران لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، گەنێڵ وادەڵێت هەروەها دەڵێت بڕی 1 ملیار و 400 ملیۆن دۆلارمان لەو دوو کێڵگەدا خەرج کردووە .

لە بەرانبەردا وەزارەتی سامانە سرشتییەکان دەڵێت”حکومەت نیگەرانە لەوەی کە گەنێل شکستی هێناوە لە پێشکەشکردنی هەر پێشنیارێکی باوەڕپێکراو بۆ گەشەپێدانی کێڵگەی نەوتی و گازی بنەباوی و میران و تێبینی ئەوەش دەکات کە ئەم شکستە بەشێوەیەکی بەرچاو توانای حکومەتی دواخستووە بۆ پێشخستنی ئەو کێڵگانە لە کاتی خۆیدا.” هەروەها دەڵێت"حکومەت بە توندی ڕەتی

دەکاتەوە کە گەنێل مافی هەر قەرەبووکردنەوەیەکی هەبێت. حکومەت بە توندی بەرگری لە هەر داوایەک دەکات کە لەلایەن گەنێلەوە دژی کراوە، وە بەنیازە دژەداوی هەبێت بۆ قەرەبوکردنەوەی لەسەر ئەوەی کە گەنێڵ دەستی لە گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەم هەڵگرتووە".

رۆژی ١٩ی‌شوباتی ٢٠٢٤ دانیشتنی دووهەفتەیی لە لە ندەن لە دادگای نێو بژیوانی نێودەوڵەتی بەڕێوە چوو، لە سەرداواکاریی گێنێڵ ئەنێرجی بۆ قەرەبووکردنەوەی بەرچاو لە حکومەتی هەرێم دوای کۆتاییهێنان بە گرێبەستی هاوبەشیکدن کەبەرهەم PSCی لە هەردوو کێڵگەی گازی‌میران و بنەباوی. وە ئێستا چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن و پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٤ دا کۆتا بڕیار لەسەر کەیسەکە بدرێت.

روونبین پەیوەندی بە دادگاوە کرد پێش دەستپێکردنی دادبینییە دووهەفتەییەکە بۆ چاودێری کردن و پاشتریش بۆ ئاگاداربوون لە رێوشوێنەکان، بەلام دادگا ئامادەنەبوو هیچ زانیارییەک بدات وە پێی راگەیاندین کە دەبێت رەزامەندی لایەنەکانی کەیسەکەمان هەبێت.

لەوەلامی پرسیاری روونبین لە گەنێڵ ئەنێرجی ووتەبێژی کۆمپانیاکە پێی ڕاگەیاندین کە وا "دوو هەفتەی دادبینیی سەبارەت بە پێشکەشکردنی بەڵگەکان تەواو بووە و چاوەڕێ دەکەین لەمساڵدا بڕیاری کۆتایی بدرێت" وە هەروەها ووتی " گەنێڵ دەڵێت 1ملیار و 400 ملیۆن دۆلاری لە کێڵگەکەدا خەرج کردووە". بەلام ووتەبێژی گەنێڵ ئەنێرجی ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک ئاشکرا بکات سەبارەت بە بڕی داواکراوی قەرەبووەکە.


## بە شێوەیەکی گشتی:

- بانگشەی حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم مافی ئەوەی هەبووە کە گرێبەستیPSC ی بنەباوی و میران کۆتایی پێبهێنێت.
- کۆمپانیای گێنێڵ ئەنێرجیش بانگەشەی ئەوەداکات کە کۆتاییهێنان بە PSC لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕەتکردنەوە بووە و لە ئەنجامدا داوای زیانێکی زۆر دەکات. حکومەتی هەرێم داوای هیچ زیانێک لە گێنێل ناکات.
- بە گشتی گێنێڵ‌دەڵێت زیاتر لە 1 ملیار و 400 ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە بۆ بەدەستهێنان و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی بینا باوی و میران.

- دانیشتنەکە نهێنییە و بەم پێیەش تا بڕیاری کۆتایی ناتوانین زانیاری لەسەر بڵاو بکرێتەوە ،هەروەها کاتی وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی نادیارە، بەلام چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2024دابێت.

کێڵگەی بنەباوێ 300 کم لەسنووری تورکیاوە دورە وە 60 کم لە هەولێرە وە . یەکەم گرێبەست لەساڵی 2006 کراوە. یەدەگی نەوتی بنەباوێ مەزەندەکراوە بە 34 ملیۆن بەرمیل نەوت لە جۆری زۆر سوك API 45 و هەروەها یەدەگی گازیش بە 8.2 ترلیۆن مەتر سێجا مەزەندەکراوە. لەساڵی دا 2007 یەکەم بیر لێدراوە و تا ساڵی 2014 شەش بیر لێدراوە و تەواو بووە ، هەر لەو ساڵەدا ڕاگەیەنرا کە بەرهەمی نەوتی کێڵگەکە کەمە, بەلام گازێکی زۆری هەیە. چاوەڕێ دەکرا بەرهەمی گازی بنەباوێ بەدوو قۆناغ لە 350بۆ 700 ملیۆن پێ سێجا ڕۆژانە بێت. یەکەم ماوەی بنیات نان و دووەمیش ماوەی سەقامگیری بەرهەم کە پێدەوترێ (Plateau period). پاشتر بەپێی گرێبەستی کرین Lifting Agreement کە لە مانگی شوباتی 2017 دا ئیمزاکراوە، حکومەتی هەرێم گازی بنەباوێ دەکرێت بەنرخی $1.2 بۆ هەر هەزار پێ سێ جایەك. بەپێی رێکەوتنەکە پەرەپێدان بە دوقۆناغ دەکرا، قۆناغی بنیاتنان کە 2 ساڵە و قۆناغی دوەم 10 ساڵ دەبێت.

کێڵگەی گازی میران دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە، ڕووبەری گرێبەستی میران 293 میل چوارگۆشەیە و یەدەگی گازی سروشتی مەزەندە دەکرێت بە 6.8 بۆ 9.1 تریلیۆن پێ سێجا (نزیکەی لە نێوان 192 بۆ 257 ملیار مەتر سێجا) غازی سروشتی و 95 ملیۆن بەرمیل نەوتی تێدایە.



# گۆڵف کیستۆن Gulf Keystone و ئێم ئۆ ئێڵMOL

## 3. گۆڵف کیستۆن Gulf Keystone و ئێم ئۆ ئێڵMOL

### کێڵگەی شێخان/ چارەکی یەکەم

لە کێڵگەی شێخان کۆمپانیای گۆڵف کیستۆنی بەریتانی و ( ئێم ئۆ ئێڵ) ی هەنگاری پێکەوە وەبەرهێنان دەکەن.

لەماوەی چارەکی یەکەمی ساڵی 2023 دا هەریەک لە کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن و ئێم ئۆ ئێڵ MOL بە 2 گوژمە شایستە داراییەکانیان وەرگرتووە.

کۆی ئە پارەیەی گۆڵف کیستۆن لەو ماوەیەدا وەری گرتووە بریتیی بووە لە 65.7 ملیۆن دۆلار بۆ فرۆشی نەوتی کێڵگەکە لە ساڵی ڕابووردوودا لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی 2022.

هەروەها کۆمپانیای ئۆ ئێم ئێڵ OML پری 18.1 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە بۆ هەردوو مانگی ئاب و ئەیلولی 2022.

کۆی ئەو پارانای کە تەنها لە مانگی تشرینی یەکەم تا کۆتایی کانوونی یەکەمی 2022 کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن وەرینەگرتووە بریتییە لە 102 ملیۆن دۆلار بە پێی میکانیزمەکەی حکومەتی هەرێم بۆ نرخی نەوت دایناوە. ئەم جگە لە شایستەی کانوونی دووەم تا کۆتایی ئازاری 2023.

| داهاتی کۆمپانیاکان لە کێڵگەی شێخان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو مانگانەی شایستە وەرگیراوە/ ملیۆن دۆلار | گۆڵف کیستۆن | ئێم ئۆ ئێڵ | کۆ |
| ئاب/ 2022 | 38.8 | 10.7 | 49.5 |
| ئەیلول/ 2022 | 26.9 | 7.4 | 34.3 |
| کۆ | 65.7 | 18.1 | 83.8 |

تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە لە چارەکی یەکەمی 2023 دا بریتی بووە لە 49,200ی ڕۆژانە وەلەمانگی ئازاردا بەرهەم گەشتووەتە 53,700 بەرمیلی ڕۆژانەوە لە ناویاندا پێنج ڕۆژ بەرهەمی کێڵگەکە لە 55 هەزار بەرمیل زیاتربووە. . تێچووی بەرمیلێک نەوت لە نێوان 2.9 بۆ 3.3 دۆلاردابووە. دوای ئەوەی لە 25ی ئازاردا هەناردەی نەوتی هەرێم وەستا بەرهەمی کێڵگەکە نێردرا بۆ

ئەمبارکردن وە لە دوای 6رۆژ, یەکەی بەرهەم هێنانی ١ (PF-1) لە 31 ی ئازاردا لە بەرهەم هێنان وەستا و لە 13ی نیسان دا یەکەی بەرهەم هێنانی ٢ ش  (PF-2) لە بەرهەم هێنان وەستا.
لەم چارەکەدا کۆی 4 ملیۆن و 81 هەزار و 600 بەرمیل نەوت بەرهەم هاتووە . تێکڕای نرخی ئەو ماوەیە 51.3 دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێک نەوت. کۆی داهاتی کێڵگەکە بریتبووە لە 209 ملیۆن و 386 هەزار دۆلار.  پشکی هەریەک لە کۆڵف کیستۆن 75 ملیۆن و378 هەزار دۆلار، ئێـم ئۆ ئێڵ MOL، 16ملیۆن و 54 هەزار دۆلار و حکومەتی هەرێمیش 114ملیۆن و 952 هەزار دۆلار بووە. وەکو لەخشتەکدا روونکراوەتەوە.

| بەرهەمی چارەکی یەکی 2023 | بەرهەمی رۆژانە | کۆی بەرهەم |
|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 48,000 | 1,488,000 |
| شوبات | 46,600 | 1,304,800 |
| ئازار 2023 (1-24) | 53,700 | 1,288,800 |
| کۆی بەرهەم | | 4,081,600 |
| تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت/$ | | 51.3 |
| کۆی داهاتی چارەکی یەکەمی 2023/ $ | | 209,386,080 |
| پشکی گۆڵف کیستۆن /$ | | 75,378,989 |
| پشکی M**OL**/$ | | 19,054,133 |
| ماوە بۆ هەرێم لە داهاتی کێڵگەکە/ $ | | 114,952,958 |


لەم ماوەیەدا  حکومەت پری  65 ملیون و 700 هەزار دۆلاری داوە بە گۆڵف کیستۆن و  پری 18 ملیۆن و 100 هەزار دۆلاریس بۆ کۆمپانیای ئێم ئۆ ئێڵ MOL . واتە لە  پشکی داهاتی گۆڵف کیستۆن حکومەت  9 ملیۆن و 678هەزار دۆلاری بۆ ماوەتەوە. هەروەها لە پشکی داهاتی  ئێم ئۆ ئێڵ MOL  یش  950 هەزار دۆلار ماوەتەوە . بەسەر یەکەوە داهاتی هەرێم لەو ماوەیەدا کردوویەتییە 125 ملیۆن و 586 هەزار دۆلار.

| داهاتی کێڵگە/ دۆلار | کۆی پارەی وەر گیراو - کۆمپانیاکان - قەرز | کۆی ماوە بۆ حکومەت |
|---|---|---|
| 209,386,080 | 83,800,000 | 125,586,080 |

**پاش وەستانی هەناردە:**

لە کێڵگەی شێخان دوای ئەوەی لە 13ی نیساندا ئەمبارەکانی کێڵگەکە پڕ بوون، کێڵگەکە لە بەرهەم هێنان وەستا ، جارێکی تر لە بەرواری 19ی تەمووزی 2023 واتە دوای 97 رۆژ دەستی بە بەرهەمهێنان کردەوە. سەرەتا لە یەکەی چارەسەری یەک PF-1 دەستی کردەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت, بەلام ئەمجارە بۆ هەناردە نا بەڵکو بۆ فرۆشتن لە بازاڕی ناوخۆدا وەکو کۆمپانیا نەوتییەکانی تری هەرێم . سەرەتا بەرهەم هێنان بە قەبارەیەکی کەمبوو لە ماوەی ئەو 22 رۆژەی مانگی تەموزدا تێکڕای فرۆشی کێڵگەکە رۆژانە 4,900 بەرمیل بووە واتە لە تەموزدا 107هەزار و 800 بەرمیل نەوت فرۆشراوە، گۆڵف کیستۆنیش وەکو کۆمپانیاکانی تری نەوت نیوەی داهاتی فرۆشراوی وەکوشایستە داراییەکانی خۆی (خەرجی و قازانج) گلداوەتەوە.

پاشان لە 23 ی ئابدا یەکەی بەرهەمهێنانی دووش PF-2 کەوتەوەکار، مانگی ئاب بەرهەم بۆ 16هەزار و 300بەرمیلی رۆژانە بەرز بویەوە و پاشتر بۆ 30هەزار تا لەمانگی تشرینی یەکەمدا گەشتە لووتکە بە 37 هەزار و 200 بەرمیل. بەلام لە مانگی دواتردا بۆ 21 هەزار و 500 بەرمیل و پاشتر بۆ بۆ 21 هەزار و 900 دابەزی . جارێکی تر سەرەتای ساڵی 2024 ی مانگی یەک ئاستی بەرهەم 22 هەزار و 300 بەرمیل ی رۆژانە بوو .دوای ئەوە لە مانگی شوباتی 2024 دا بۆ 38 هەزار و 700 بەرمیل نەوتی رۆژانە بەرز بوویەوە، پاشتریش لە مانگی ئازاردا تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە بۆ 43 بۆ 45 هەزار بەرمیلی رۆژانە بەرزبوویەوە, کە ئاستێکی پێوانەییە لەدوای دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانەوە لە مانگی تەموزی رابوردوو لەهەمانکاتدا نزیکە لە ئاستی پێش وەستانی هەناردە ,هەروەک لە گرافیکەکەی خوارەوە دیارە.




کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن دەڵێت ئەگەر تێکرای بەرهەم 22هەزار و 200 بەرمیل بێت و نرخی نەوتی فرۆشراویش بەرمیلی بە 25 دۆلار بێت خەرجی مانگانەمان کە6 ملیۆن دۆلارە دەر دەهێنێتەوە.

کۆی گشتی فرۆشی ڕۆژانە لە نێوان دەستپێکردنی فرۆشی ناوخۆیی لە 19ی تەمموز و 31ی کانوونی دووەمی 2023 بە تێکرا 23 هەزار و 331 بەرمیل بووە. وە نرخی بەرمیلێک 30.69 دۆلار بووە. واتە لە دوای دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانەوە لەم کێڵگەیە بڕی 3 ملیۆن و 990 هەزار و 200 بەرمیل نەوت فرۆشراوە ، داهاتی 119ملیۆن و 706 هەزار دۆلار بووە. لەم بڕە داهاتەی کێڵگەکە کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن بڕی 43 ملیۆن و 500 هەزار دۆلاری وەرگرتووە بۆ خەرجی و قازانجی لەکێڵگەکە. وە کۆمپانیای ئێم ئۆ ئێڵ یش بەپێی پشکەکانی دەبێت بڕی 10 ملیۆن و 875 هەزار دۆلاری وەرگرتبێت و ئەوەشی دەمێنێتەوە لەداهاتی کێڵگەکە پشکی هەرێمی کوردستانە کە دەکاتە 65ملیۆن و 331هەزار دۆلار واتە نزیکەی ٥٥٪. وەکو لەخشتەکەدا دیارە.

| مانگەکان / ٢٠٢٣ | بەرهەم رۆژانە | بڕی بەرهەم مانگانە/ بەرمیل |
|---|---|---|
| تەموز ٢٠٢٣ (١٩-٣١) | 4,900 | 107,800 |
| ئاب ٢٠٢٣ | 16,300 | 505,300 |
| ئەیلول ٢٠٢٣ | 30,000 | 900,000 |
| تشرینی یەکەم ٢٠٢٣ | 37,200 | 1,153,200 |
| تشرینی دووەم ٢٠٢٣ | 21,500 | 645,000 |
| کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ | 21,900 | 678,900 |
| کۆی بەرهەم تا ٣١/١٢/٢٠٢٣ | | 3,990,200 |

| داهاتی کێڵگەی شێجان لە نیوەی ٢ی ٢٠٢٣ /دۆلار | |
|---|---|
| کۆی داهاتی کێڵگەکە | 119,706,000 |
| پشکی گۆلف کیستۆن | 43,500,000 - |
| پشکی ئێم ئۆ ئێڵ MOL | 10,875,000 - |
| ماوە بۆ هەرێم لە داهاتی کێڵگەکە | 65,331,000 |

دواتر و لەساڵی 2024 دا لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و ئازاری 2024 بڕی 3ملیۆن و 146 هەزار و 600 بەرمیل فرۆشراوە بە 27 و 25 دۆلار کە داهاتی ئەو سێ مانگەش بریتییە لە 82ملیۆن و 292هەزار و 200 دۆلار.

| بەرهەم و داهاتی کێڵگەکە لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٤ دا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مانگەکان | بەرهەم / بەرمیل | بڕی بەرهەم/ بەرمیل | نرخی نەوت/$ | داهات / دۆلار | پشکی حکومەت ($) ٪٥٥ |
| کانوونی دووم ٢٠٢٤ | 22,300 | 691,300 | 27 | 18,665,100 | 10,265,805 |
| شوبات ٢٠٢٤ | 38,700 | 1,122,300 | 27 | 30,302,100 | 16,666,155 |
| ئازار ٢٠٢٤ | 43,000 | 1,333,000 | 25 | 33,325,000 | 18,328,750 |
| کۆی بەرهەم و داهات تا کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٢٤ | | 3,146,600 | | 82,292,200 | 45,260,710 |

پشکی حکومەت لەکوی داهاتی چارەکی 1ی 2024 بریتی بووە لە 45 ملیۆن 260 هەزار دۆلار و کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن 29 ملیۆن و 625 هەزار دۆلار و ئیم ئۆ ئیڵی MOL یش 7 ملیۆن و 406 هەزار دۆلار.

| داهاتی کێڵگەی شێجان لەچارەکی یەکەمی ٢٠٢٤/دۆلار | |
|---|---|
| کۆی داهاتی کێڵگەکە | 82,292,200 |
| پشکی گۆڵف کیستۆن | - 29,625,192 |
| پشکی ئێم ئۆ ئێڵ MOL | - 7,406,298 |
| ماوە بۆ هەرێم لە داهاتی کێڵگەکە | 45,260,710 |

بەرهەم و داهاتی کێڵگەکە لە گەڵ پشکی حکومەت دوای وەستانی هەناردە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣.

| بەرهەم و داهاتی کێڵگەکە لە دوای وەستانی هەناردەوە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مانگەکان | بەرهەم / بەرمیل | بڕی بەرهەم/ بەرمیل | نرخی نەوت/$ | داهات / دۆلار | پشکی حکومەت ($) ٪٥٥ |
| تەموز ٢٠٢٣ (١٩-٣١) | 4,900 | 107,800 | 30 | 3,234,000 | 1,778,700 |
| ئاب ٢٠٢٣ | 16,300 | 505,300 | 30 | 15,159,000 | 8,337,450 |
| ئەیلول ٢٠٢٣ | 30,000 | 900,000 | 30 | 27,000,000 | 14,850,000 |
| تشرینی یەکەم ٢٠٢٣ | 37,200 | 1,153,200 | 30 | 34,596,000 | 19,027,800 |
| تشرینی دووەم ٢٠٢٣ | 21,500 | 645,000 | 30 | 19,350,000 | 10,642,500 |
| کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ | 21,900 | 678,900 | 30 | 20,367,000 | 11,201,850 |
| کۆی بەرهەم و داهات تا ٣١/١٢/٢٠٢٣ | | 3,990,200 | | 119,706,000 | 65,838,300 |

ئاستی بەرهەم و نرخی فرۆش کۆی داهاتی کێڵگەکە لەم خشتەیەدا بەپێی مانگەکان روونکراوەتەوە لە تەموزی ٢٠٢٣ تا کۆتایی ئازاری ٢٠٢٤ بەبێ لێدەرکردنی پشکەکان.

| بەرهەم و داهاتی کێڵگەکە لە دوای وەستانی هەناردەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مانگەکان | بەرهەم / بەرمیل | پری بەرهەم/ بەرمیل | نرخی نەوت/$ | داهات / دۆلار |
| تەموز ٢٠٢٣ (١٩-٣١) | 4,900 | 107,800 | 30 | 3,234,000 |
| ئاب ٢٠٢٣ | 16,300 | 505,300 | 30 | 15,159,000 |
| ئەیلول ٢٠٢٣ | 30,000 | 900,000 | 30 | 27,000,000 |
| تشرینی یەکەم ٢٠٢٣ | 37,200 | 1,153,200 | 30 | 34,596,000 |
| تشرینی دووەم ٢٠٢٣ | 21,500 | 645,000 | 30 | 19,350,000 |
| کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ | 21,900 | 678,900 | 30 | 20,367,000 |
| کانوونی دووم ٢٠٢٤ | 22,300 | 691,300 | 27 | 18,665,100 |
| شوبات ٢٠٢٤ | 38,700 | 1,122,300 | 27 | 30,302,100 |
| ئازار ٢٠٢٤ | 43,000 | 1,333,000 | 25 | 33,325,000 |
| کۆی بەرهەم و داهات تا کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٢٤ | | 7,136,800 | | 201,998,200 |
| پشکی حکومەت ٥٥٪ لە بەرئەوەی لە ناو کێڵگەکە دا نەوتەکە دەفرۆشرێت و کرێی گواستنەوە لەسەر کڕیارە. ( مانگی ئازار بەرهەم لە نێوان ٤٣ بۆ ٤٥ هەزاردایە) | | | | |

دابەزینی نرخی فرۆشی ناوخۆ کۆمپانیاکە بۆ کێبڕکێی کۆمپانیاکان دەگەڕێتەوە لەلایەک وە لەلایەکی تریش زیادبوونی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکان.

## پوختەی بەرهەم هێنان:


- کۆی بەرهەمهێنان بۆ ساڵی 2023 بە تێکڕا 21,891بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا لە کاتێکدا لە 2022دا 44,202 بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاگرتنی هەناردەکردن و دواتر دەستپێکردنی فرۆشی ناوخۆییە.
- کۆی داهاتی کێڵگەکە لەماوەی ساڵەکەدا 329ملیۆن و 92 هەزاردۆلار بووە ، لەم پڕەش 94 ملیۆن و 433 هەزار دۆلار دراوە بۆ کۆمپانیاکان بۆ قەرزی ڕابووردوی ساڵی 2022. پڕی 10 ملیۆن و 633 هەزار دۆلار لەپشکی کۆمپانیاکان ماوەتەوە بۆ هەرێم ، کۆی شایستەی حکومەتی هەرێم لە وماوتەدا 180 ملیۆن و 283 هەزار دۆلاربووە لەگەڵ 10

ملیۆنی 633هەزار دۆلاری ماوە لە شایستەی کۆمپانیاکان دەکاتە 190 ملیۆن و 917 هەزار دۆلار داهاتی لە بەردەستی حکومەتی هەرێم لە کێڵگەی شێخان .

| کۆی داهتی کێڵگەی شێخان/ ٢٠٢٣ | دۆلار |
|---|---|
| کۆی داهاتی چارەکی ١ | 209,386,080 |
| کۆی داهاتی نیوەی دووەمی ٢٠٢٣ | 119,706,000 |
| کۆی داهاتی هەموو ساڵەکە (١) | 329,092,080 |
| کۆی پشکی گۆڵف کیستۆن (٢) | 118,878,989 |
| کۆی پشکی ئێم ئۆ ئێڵ MOL (٣) | 29,929,133 |
| پشکی هەرێم (١-٢-٣) | 180,283,958 |
| ماوە لەپشکی کۆمپانیاکان / چارەکی ١ | 10,633,122 |
| کۆی داهاتی حکومەت لە کێڵگەکە | 190,917,080 |

- کۆی گشتی بەرهەمهێنان لە نێوان لە 1ی کانوونی دووەم تا 24ی ئازاری 2023 بە تێکڕا 49 هەزار و 165 بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، پێش ئەوەی هێڵی بۆری عێراق-تورکیا دابخرێت.
- کۆی گشتی فرۆشی ڕۆژانە لە نێوان دەستپێکردنی فرۆشی ناوخۆیی لە 19ی تەمموز تا 31ی کانوونی دووەمی 2023 بە تێکڕا 23 هەزار و 331 بەرمیل بووە.
- کۆی گشتی تێکڕای فرۆشی ساڵی 2024 لە 1ی کانوونی دووەم تا 31ی ئازار بەتێکڕا نزیکەی ٣٣ هەزار و ٣٠٠ بەرمیل نەوت بووە لە ڕۆژێکدا.
- بەردەوامی گۆڕان لە بڕی بەرهەمدا ڕەنگدانەوەی ئاستەنگە وەرزییەکانی پەیوەست بە لۆجستیک و خواست، سنوورداری توانای پاڵاوگە و دابینکردنی نەوت لە لایەن بەرهەمهێنەرانی دیکەی ناوچەکەیە.
- لە ئێستادا نرخی بەدیهاتوو لە فرۆشی بەرمیلێک نەوتی کێڵگەکە بریتییە لە 25 دۆلاری ئەمریکی، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ نرخی بازاڕی ناوخۆیی .
- ئێستا کۆی فرۆشتن نزیکەی 43 هەزار بۆ 45 هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا .
- لە نیوەی دووەمی ساڵی 2023 دا تێکڕا نرخی بەرمیلێک نەوت بریتیبووە لە 30دۆلار .

کۆمپانیا بەردەوامە لە وەرگرتنی شایستەکانی بەشێوەی پارەی پێشوەختە کە ڕێژەی 36%ی کۆی داهاتی گشتی فرۆشتنەکەیە. ئێستا ڕۆژانە 250 تانکەر لە کێڵگەکە نەوت باردەکات.




ئاستی بەرهەمی مانگانەی کێڵگەی شێخان:

| ئاستی بەرهەم مانگانە پێش و پاش وەستانی هەناردە | | |
|---|---|---|
| مانگەکان | بەرهەم ڕۆژانە / بەرمیل | بڕی بەرهەم مانگانە/ بەرمیل |
| کانوونی دووەم ٢٠٢٣ | 48,000 | 1,488,000 |
| شوبات ٢٠٢٣ | 46,600 | 1,304,800 |
| ئازار ٢٠٢٣ (١-٢٤) | 53,700 | 1,288,800 |
| ئازار ٢٠٢٣ (٢٥-٣١) | 11,400 | 79,800 |
| نیسان ٢٠٢٣ (١-١٣) | 1,600 | 22,400 |
| ئایار | - | • |
| حوزەیران | - | • |

| | | |
|---|---|---|
| تەموز ٢٠٢٣ (١٩-٣١) | 4,900 | 107,800 |
| ئاب ٢٠٢٣ | 16,300 | 505,300 |
| ئەیلول ٢٠٢٣ | 30,000 | 900,000 |
| تشرینی یەکەم ٢٠٢٣ | 37,200 | 1,153,200 |
| تشرینی دووەم ٢٠٢٣ | 21,500 | 645,000 |
| کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ | 21,900 | 678,900 |
| ساڵی ٢٠٢٤ | | |
| کانوونی دووەم | 22,300 | 691,300 |
| شوبات | 38,700 | 1,122,300 |
| ئازار | 43,000 | 1,333,000 |
| کۆی بەرهەم تا کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٢٤ | | 11,320,600 |

## خەرجی و داهات

کۆی گشتی داهاتی گۆڵف کیستۆن ساڵی 2023 بریتی بووە لە 109.2 ملیۆن دۆلار بووە (لە کاتێکدا لەساڵی 2022 دا بریتی بووە لە 450.4ملیۆن دۆلار) بەمشێوەیە.:

- 65.7 ملیۆن دۆلار پەیوەستە بە شایستەی دارایی کۆمپانیاکە بۆ فرۆشتنی هەناردەکردن لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی 2022 دا کە لە مانگەکانی کانوونی دووەم و ئازاری 2023دا وەرگیراون.
- 43.5 ملیۆن دۆلار داهاتی فرۆشتنی ناوخۆیی لە نیەوەی دووەمی 2023.
- خەرجییە سەرمایەییەکان و تێچوونەکان لە ساڵی 2023دا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمکرانەوە بۆ پاراستنی نەختینە، وە کو وەلامدانەوەیەک بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردن.
- کۆی گشتی پوختەی سەرمایەگوزاری Net CAPEX، تێچووی کارکردن و ڕێژەی مانگانەی G&A لە نیوەی دووەمی ساڵی 2023دا بۆ 6 ملیۆن دۆلار کەمبووەتەوە کە بە داهاتی فرۆشتنی ناوخۆیی پردەکرێتەوە.
- پوختەی سەرمایەگوزاری Net CAPEX لە ساڵی 2023دا پڕی 59 ملیۆن دۆلار بووە کە نزیکەی 12 ملیۆن دۆلار لە نیوەی دووەمی ساڵی 2023دا بووە. لە کاتێکدا لە 2022دا

بریتی بووە لە 114.9 ملیۆن دۆلار، چونكە كۆمپانیاكە هەموو چالاكییەكانی فراوانكردنی شێخانی ڕاگرتووە.

- تێچووی كاركردن OPEX ساڵی 2023 كە 36 ملیۆن دۆلار بووە لە كاتێكدا لە ساڵی 2022 دا بریتی بووە لە 41.9 ملیۆن دۆلار، ئەمەش ڕەنگدانەوەی داخستنی بەرهەمهێنانە لە زۆربەی چارەكی دووەمی 2023 و كەمكردنەوەی خەرجیە.
- بالانسی نەختینەی كۆمپانیاكە 82 ملیۆن دۆلاربووە لە 1/30/ 2024 بەبێ قەرز.
- حكومەتی هەرێمی كوردستان 151 ملیۆن دۆلاری كۆمپانیاكە قەرزدارە بۆ فرۆشتنی
- هەناردەی مانگی تشرینی یەكەمی 2022 تا كۆتایی مانگی ئازاری 2023.

| كێڵگەی شێخان | ساڵی ٢٠١٧ | ساڵی ٢٠١٨ | ساڵی ٢٠١٩ | ساڵی ٢٠٢٠ | ساڵی ٢٠٢١ | ساڵی ٢٠٢٢ | نیوەی یەكەمی ٢٠٢٢ | چارەكی یەك ٢٠٢٣ | نیوەی دووەمی ٢٠٢٣ | ساڵی ٢٠٢٣ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| كۆی بەرهەمی ڕۆژانە/ بەرمیل | 35,298 | 31,563 | 32,883 | 36,625 | 43,440 | 44,202 | 44,941 | 45,351 | 24,643 | 22,395 |
| نرخی برێنت / بەرمیل $ | 54.9 | 71.3 | 64.6 | 42 | 70.8 | 101.4 | 107.6 | 80 | 82 | 82.5 |
| نرخی بەرمیلێك نەوتی كێڵگەكە/ $ | 34.6 | 49 | 42.9 | 20.9 | 49.7 | 74.1 | 83.5 | 51.3 | 30 | 40.62 |
| داشكاندن بە برێنت $ | 20.3 | 22.3 | 21.7 | 21.1 | 21.2 | 27.2 | 24.1 | 28.7 | 52 | 41.88 |
| داهاتی كێڵگەكە/ ملیۆن دۆلار | 445.8 | 564.5 | 514.9 | 280.2 | 788.03 | 1195.6 | 648.85 | 209.4 | 122.8 | 332.2 |
| داهاتی گۆڵف كیستۆن/ ملیۆن $ | 172.4 | 250.6 | 206.7 | 108.4 | 301.4 | 460.1 | 263.6 | 65.7 | 43.5 | 109.2 |
| خەرجی بەرهەمهێنان /ملیۆن $ | 28.8 | 30.7 | 37.4 | 27.4 | 34.4 | 41.9 | 18.9 | 18.9 | 17.1 | 36 |
| كۆی خەرجی بەرهەمهێنان / بەرمیل $ | 2.7 | 3.2 | 3.9 | 2.6 | 2.7 | 3.2 | 2.9 | 4.6 | 4.1 | 4.4 |

مێژووی بەرهەم و نرخی نەوتی كێڵگەی شێخان لە ساڵی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٣

**ئاسۆی ئاینده:**

کۆمپانیاکە لە ساڵی 2024دا هەروەکو 2023 سەرنجی لەسەر زۆرترین فرۆشتنی ناوخۆیی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لانیکەم تێچووی مانگانە دابین بکات لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی چالاکانە حیساباتی خەرجییەکان بەڕێوەببات. لە کاتێکدا خواستی بازاڕی ناوخۆیی گۆڕاوە و پێشبینیکردنی قورسە، کۆمپانیاکە رایگەیاندووە هەوڵدەدەین بەدوای دەرفەتەکاندا بگەڕێین بۆ زیادکردنی قەبارەی فرۆشتن.

پێشبینی دەکەن کۆی خەرجییە سەرمایەییەکان CAPEX، تێچووی کارکردن OPEX ، و ڕێژەی کارکردنی G&A مانگانە لە 6 ملیۆن دۆلار دا لە ساڵی 2024دا بهێڵنەوە.

پوختەی خەرجییە سەرمایەییەکان CAPEX خەمڵێنراو بۆ ساڵی 2024 بریتیبێت لە 20 ملیۆن دۆلار، لەناویدا خەرجی بەرزکردنەوەی ئاستی سەلامەتی و خەرجییەکانی چاککردنەوەی بەرهەمهێنان.

کۆمپانیاکە لە ساڵی 2024 دا بەردەوام دەبێت لە کەمکردنەوەی تێچوونەکان لە هەمان کاتدا پاراستنی توانای کارکردن بۆ زیادکردنی فرۆشی ناوخۆیی و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن.

کۆمپانیاکە دەڵێت بەردەوامە لە کارکردنی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ هاندانی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن لە ڕێی بۆرییەوە. لەگەڵ ئەوەی دانوستانە سیاسی و بازرگانییەکانی نێوان حکومەتی عێراق "GoI" و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، یەکەم گفتوگۆی سێ قۆڵی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییە نەوتییەکان لەماوەی ڕابردوودا لە بەغدا ئەنجامدرا، و بەئامادەبوونی نوێنەری گۆڵف کیستۆنGKP .

کۆمپانیاکە وەکو هەموو کۆمپانیاکانی تری نەوت جەختدەکاتەوە لەسەر گرنگی دڵنیابوون وەرگرتنی شایستەکانیان بۆ هەناردەکردنی نەوتی داهاتوو، وەرگرتنەوەی قەرزە نەدراوەکان و پاراستنی ئابووری گرێبەستەکان.

کێڵگەی شێخان دەکەوێتە پارێزگای دهۆک،کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن 80٪ ی پشکەکان و ( ئێم ئۆ ئێڵ) پشکی 20٪ ی هەیە لە و کێڵگەیەدا.

ئەم کێڵگەیە لە مانگی ئابی 2009دا نەوتی تیا دۆزرایەوە و لە مانگی تەموزی 2013 دا دەست بە بەرهەم هێنانی نەوت کرا تێیدا. قەرزەکانی گۆڵف کیستۆن 73 ملیۆن دۆلار و ئێم ئۆ ئێڵ 21 ملیۆن دۆلار بووە بۆ ئەو ماوەیە.

کێڵگەی شێخان 18 بیری تێدا هەڵکەنراوەو 2 یەکەی چارەسەری تێدایە  PF-1-2. کێڵگەکە لەڕیی بۆرییەوەبە  بەهێڵی بۆری هەرێمی کوردستانەوە بەسراوەتەوە.

تا ئێستا کۆی نەوتی بەرهەم هاتوو لە کێڵگەکە لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە زیاتر لە  ١٢٢ ملیۆن بەرمیل دەبێت.


یەدەگی نەوتی کێڵگەکەبەم شێوەیە:

- یەدەگی سەلمێنراو   1P reserves: 224 MMstb
- یەدەگی ئەگەری 2P( Probable): 2P reserves: 489 MMstb

جۆری نەوتی ئەم کێڵگەیە قورسە لە ساڵی 2022 بە داشکانی 23.3دۆلار لە ژێر نرخی برێنتەوە هەربەرمیلێک نەوت فرۆشراوە  لەکاتێکدا لەساڵی 2021 دا بەداشکاندنی 21.2دۆلار فرۆشراوە. وە لەساڵی 2024 یش بە 60 بۆ 65 دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت فرۆشراوە.




6 (1) As at 30 August 2022 تێکرای بەرهەمی ڕۆژانە بەپێی مانگەکان -کێڵگەی شێخان GKP




مێژووی بەرهەمی کێڵگەی شێخان لەسەرەتای بەرهەمە وە

## 4. سەرسەنگ ( شاماران و ئێچ کەی ئێن )

لە کێڵگەی سەرسەنگ هەریەک لە کۆمپانیاکانی ئێچ کەی ئێنی HKN ئەمەریکی خاوەنی 62٪ی پشکەکانە و کۆمپانیای شامارانی کەنەدی 18٪ ی پشکەکان (کۆمپانیای شامارانی کەنەدی لە کانوونی دووەمی 2021ەوە پشکاکانی تۆتاڵی فەرەنسی کریوەتەوە، بەمەش شاماران لە هەردوو کێڵگەی ئەتروش و سەرسەنگ خاوەن پشکە).

لەماوەی ساڵی 2023دا لەکۆی بەرهەمی کێڵگەی سەرسەنگ بریتیبووە لە 10ملیۆن و 852هەزار و 330 بەرمیل بە کۆی داهاتی 522 ملیۆن و 756 هەزار و 736 دۆلار. تێکڕای بەرمیلێک نەوت بە 48.17$ فرۆشراوە. کۆی داهاتی حکومەت لە کێڵگەکە 257 ملیۆن و 244 هەزارو 356 دۆلار بووە کە دەکاتە رێژەی 49.2٪.

پشکی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN پری 203ملیۆن و 325 هەزار و 356 دۆلار بووە بەرێژەی 38.9٪ وە شامارانیش 62 ملیۆن و 186 هەزار و 736 دۆلار داهاتی بووە لە کێڵگەکە بەرێژەی 11.9٪.

| کۆی داهات و بەرهەمی کێڵگەکە/ ساڵی ٢٠٢٣ | | |
|---|---|---|
| کۆی بەرهەم / بەرمیل | 10,852,330 | |
| کۆی داهات /$ | 522,756,736 | |
| حکومەتی هەرێم /$ | 257,244,356 | 49.2% |
| ئێچ کەی ئێن HKN /$ | 203,325,644 | 38.9% |
| شاماران /$ | 62,186,736 | 11.9% |

تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە 29هەزار و 732 بەرمیل نەوت بووە. حکومەتی هەرێم لە کۆی بەرهەم 1 ملیۆن و 85 هەزار و 233 بەرمیلی وەکو موڵکانە وەرگرتووە کە بەهاکەی52 ملیۆن و 271 هەزار دۆلار بووە . وەپشکی لە بەرهەمی کێڵگەکە لە پوختەی بەرهەم دوای موڵکانەی ئەم کێڵگەیە کە حکومەت وەری گرتوە بریتی بووە لە 4 ملیۆن و 320 هەزار و 181 بەرمیل نەوت کە بەهاکەی 193 ملیۆن و 78هەزار دۆلار بووە . پاشان حکومەتی هەرێم 11ملیۆن و 638 هەزار دۆلاری وەکو پەرەپێدانی تواناکان وەرگرتووە هەروەک لە گرێبەستەکاندا هاتووە وە پری 256 هەزار

دۆلاریش وەکو کرێ وەرگرتووە. کە بەسەر یەکەوە بری 257 ملیۆن و هەزار دۆلار داهاتی حکومەتی هەرێم بووە لە کێڵگەکە.

| حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٣ دا وەری گرتووە لە بەرهەمی کێڵگەی سەرسەنگ | |
|---|---|
| تێکڕای بەرهەمی رۆژانە لە ٢٠٢٣ دا /بەرمیل | 29,732 |
| پشکی حکومەت لە بەرهەم/ بەرمیل | 4,320,181 |
| مۆڵکانە/ بەرمیل | 1,085,233 |
| کۆ / بەرمیل | 5,405,413 |

| | |
|---|---|
| کۆی داهاتی کێڵگەکە/ دۆلار | 522,716,582 |
| بەهای مۆڵکانە/ دۆلار- بۆ حکومەت | 52,271,658 |
| بەهای بەرهەم پشکی هەرێم/ دۆلار – بۆ حکومەت | 193,078,438 |
| پەرەپێدانی تواناکان/ دۆلار – بۆ حکومەت | 11,638,076 |
| باج/ ملیۆن دۆلار | - |
| کرێ / دۆلار – بۆ حکومەت | 256,000 |
| کۆی داهاتی حکومەت لە کێڵگەکە/ دۆلار | 257,244,172 |

کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN لە ساڵی 2023دا تەنها لەماوەی چارەکی یەکەمی ساڵدا بری 58.3 ملیۆن دۆلاری بە دوو گوژمە لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە . کۆمپانیاکە هیچ شایستەیەکی سێ مانگی کۆتایی 2022 لەگەڵ ٣ مانگی سەرەتای 2023 وەرنەگرتووە. هەروەها شاماران لەسەر بنەمای پشکەکان بری 16.73 ملیۆن دۆلاری لە کێڵگەی سەرسەنگ وەرگرتووە کە بەسەر یەکەوە 75 ملیۆن دۆلار دەکات .

| وەرگرتنی شایستەی مانگی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢٢ | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو مانگانەی شایستە وەرگیراوە | ئێچ کەی ئێن HKN | شاماران | کۆ |
| ئاب و ئەیلول-٢٠٢٢ | 58.3 | 16.73 | 75.03 |

## چارەکی یەکەم :

لەم چارەکەدا داهاتی کۆمپانیاکە لە کێڵگەکەدا بەرێژەی 17٪ کەمی کردووە هۆکارەکەشی بۆ دابەزینی نرخی نەوتی هەرێم دەگەڕێتەوە کە بەومیکانیزمەی هەرێم دیاری کردووە لە مانگی ئەیلولی 2022 ەوە رێژەی 30.5٪ کەمی کردووە بەلام بەهۆی زیاد بوونی بەرهەمی کێڵگەکەوە بەڕێژەی 18.2٪ جیاوازی داهاتەکە قەرەبوو کراوەتەوە. تێکڕای بەرهەم لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٣ دا رۆژانە 35 هەزار و31بەرمیل بووە، لە کاتێکدا لە چارەکی یەکەمی 2022 دا تێکڕای بەرهەم 29.6 هەزار بەرمیل بووە. وە پێش وەستانی هەناردە ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە بۆ 44 هەزار بەرمیل بەرزبوو یەوە.

لە م چارەکەدا کۆی 2 ملیۆن و 907 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەکە بەرهەم هاتووە. کۆی داهاتی کێڵگەکە 208 ملیۆن و 967 هەزار دۆلار بووە لەم پرەش داهاتی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN پری 81 ملیۆن و 284 هەزار دۆلار ە و کۆمپانیا شامارانیش 24 ملیۆن و 825 هەزار دۆلار و هەروەها حکومەتی هەرێمیش 102ملیۆن و 857 هەزار دۆلار داهاتیانە.

| چارەکی یەکەم ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە / بەرمیل | 35,031 |
| کۆی بەرهەم/ بەرمیل | 2,907,573 |
| نرچی نەوت/ دۆلار | 71.87 |
| کۆی داهاتی کێڵگە/ دۆلار | 208,967,272 |
| داهاتی HKN/ دۆلار | 81,284,298 |
| داهاتی شاماران / دۆلار | 24,825,730 |
| پشکی هەرێم /دۆلار | 102,857,243 |

ئەوەی تێبینیمان کردووە حکومەتی هەرێم لەو پرە تەنها 58 ملیۆن و 300 هەزار دۆلاری قەرزی ساڵی 2022 ی ئێچ کەی ئێن HKN ی داوەتەوە، واتە پری 22 ملیۆن و 984 هەزار دۆلاری شایستەی دارایی کۆمپانیاکە گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت. هەروەها کۆمپانیای شامارانیش پری 16ملیۆن و 730 هەزار دۆلاری قەرزی 2022 ی وەرگرتووەتەوە، بەمانایەکی تر لە داهاتی ئەم

ماوەیەی شامارانیش بڕی 8 ملیۆن 95 هەزار دۆلار لای حکومەتە . واتە کۆی 31 ملیۆن و 80 هەزار دۆلار لای حکومەت ماوەتەوە لە شایستەی کۆمپانیاکان. دەخرێتە سەر داهاتی ئەوماوەیەی بەردەستی حکومەت ئەگەرچی قەرزیشە.

| | |
|---|---|
| کۆی داهاتی کێڵگە/ چارەکی ١ | 208,967,272 |
| کۆی پارەی دراو بە HKN/$ | - 58,300,000 |
| کۆی پارەی داراو بە شاماران /$ | - 16,730,000 |
| کۆی ماوەی بۆ حکومەت/$ | 133,937,272 |

**چارەکی دووەم :**

کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن وەکو کۆمپانیای سەرکار Operator لە کێڵگەکە، لە گەڵ وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم لە 25ی ئازار دەستی کرد بە ئەمبارکردنی نەوت لە ئەمبارەکانی هەڵگرتنی نەوت لە کێڵگەکە تا بەرواری 19ی نیسان وە لەو ماوەیەدا زیاتر لە 600 هەزار بەرمیل نەوتی ئەمبار کرد. پاشان بەرهەمهێنان بۆماوەیەکی کورت وەستا تا ئەوەی لە بەرواری ٢٥ی نیساندا جارێکی تر بەرهەم هێنان دەستی پێکردەوە لەو کاتەوە و کۆمپانیاکە کەوتە فرۆشتنی نەوت بە بازاڕی ناوخۆ و پالاوگەکانی هەرێم. سەرەتا تێکڕا رۆژانە بە ٢٢ هەزار بەرمیل نەوت دەستی پێکرد. کۆمپانیاکەش وەکو کۆمپانیاکانی تر خۆی بەشێوەی وەرگرتنی پارەی پێشەکی نەوتی کێڵگەکە دەفرۆشیت و پشکی خۆی و هاوپشکەکەی لێ هەڵدەگرێت و ئەوەی دەمێنێەوە لە داهاتی فرۆشی نەوتەکە دەیدات بە وەزارەتی سانمانە سروشتییەکان ( حکومەتی هەرێم). واتە لەدوای دەستپێکردنەوەی بەرهەمەوە کۆمپانیاکە قەرزاری حکومەت نییە لە نەوتی بەرهەم هاتوو. تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە لەم چارەکەدا 30 هەزار و 700 بەرمیل بووە. کۆی بەرهەمی ئەو ماوەیە بریتی بووە لە 1 ملیۆن و 246 هەزار بەرمیل نەوت، نرخی فرۆشی هەربەرمیلێك 41.47$ بووە. کۆی داهات لەم ماوەیەدا 51 ملیۆن و 700 هەزار دۆلار بووە. ئێچ کەی ئێن بڕی 19ملیۆن و 900 هەزار دۆلار و شامارانیش 6 ملیۆن و 150 هەزار دۆلاری لێگلداوەتەوە وەکو شایستەی داریی ئەوماوەیە . ئەوەشی دەمێنێتەوە کە 25 ملیۆن و 649 هەزار دۆلارە بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە وە ,لە خشتەکەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

| چارەکی دووەم ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| بەرهەمی ڕۆژانە / بەرمیل | 13,700 |
| کۆی بەرهەم/ بەرمیل | 1,246,700 |
| نرخی نەوت/ دۆلار | 41.47 |
| کۆی داهاتی کێڵگە/ دۆلار | 51,700,649 |
| داهاتی HKN/ دۆلار | 19,900,614 |
| داهاتی شاماران / دۆلار | 6,150,269 |
| پشکی هەرێم /دۆلار | 25,649,766 |

بەهۆی دواکەوتنی شایستەی دارایی کۆمپانیاکانەوە لەم کێڵگەیەش خەرجی سەرمایەگوزاری Capexبەڕێژەی 75٪ کەمی کردووە. هەروەها خەرجی بەرهەم هێنانیش Opex بەرێژەیەکی زۆر کەمی کردووە وە ڕێنماییەکانی خەرجی پێشوو وەستێنراوە بەهۆی نادڵنیایی لەوەرگرتنی شایستەکان و نادیاری کاتی دەستپێکردنەوەی هەناردە .

**چارەکی سێهەم :**

لەم چارەکەدا بەرهەم و فرۆشی کێڵگەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە نزیک بووەتەوە لە چارەکی یەکەمی پێش راوەستانی هەناردە. تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە بۆ 32 هەزار و 28 بەرمیل بەرزبووەتەو کە کۆی بەرهەم لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە 2 ملیۆن و 946 هەزار بەرمیل نەوت ، هەربەرمیلێک نەوت بە 39.95$ فرۆشراوە و کۆی داهاتی فرۆش بریتی بووە لە 114 ملیۆن و 679 هەزار دۆلار. کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN پری 44ملیۆن و 642 هەزار دۆلار و شامارن 13 ملیۆن و 652 هەزار دۆلار پشکیان بووە لە داهاتی کێڵگەکە و حکومەتی هەرێم 56 ملیۆن و 473 هەزار دۆلار داهاتی بووە.

| چارەکی سێهەم ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە / بەرمیل | 32,028 |
| کۆی بەرهەم/ بەرمیل | 2,946,576 |
| نرچی نەوت/ دۆلار | 38.95 |
| کۆی داهاتی کێڵگە/ دۆلار | 114,769,135 |
| داهاتی HKN/ دۆلار | 44,642,898 |
| داهاتی شاماران / دۆلار | 13,652,847 |
| پشکی هەرێم /دۆلار | 56,473,390 |

**چارەکی چوارەم:**

لەم چارەکەدا جارێکی تر ئاستی بەرهەم و فرۆشی نەوتی کێڵگەکە بەرزبوویەوە کە بەتێکڕا بە بەرزترین ئاستی بەرهەمی رۆژانە دادەنرێت لەم چارەکەدا. تێکڕای بەرهەم 38 هەزار و 248 بەرمیل بوو، کۆی بەرهەمی هەرسێ مانگەکە 3 ملیۆن و 518 هەزار بەرمیل بووە. نرخی بەرمیلێک نەوتیش بە $42 فرۆشراوە بەمەش کۆی داهات کردویەتییە 147ملیۆن و 790 هەزار دۆلار. ئێچ کەی ئێن 57 ملیۆن و 490 هەزار دۆلار و شاماران 17 ملیۆن و 557 هەزار دۆلار و هەرێمیش 72 ملیۆن و 731 هەزار دۆلار داهاتیان بووە.

| چارەکی چوارەم/ ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| بەرهەمی رۆژانە / بەرمیل | 38,248 |
| کۆی بەرهەم/ بەرمیل | 3,518,816 |
| نرچی نەوت/ دۆلار | 42.00 |
| کۆی داهاتی کێڵگە/ دۆلار | 147,790,272 |
| داهاتی HKN/ دۆلار | 57,490,268 |
| داهاتی شاماران / دۆلار | 17,557,780 |
| پشکی هەرێم /دۆلار | 72,731,798 |

پشکی شاماران لە بەرهەمهێنان لەساڵی 2022 بە ڕێژەی 60٪ زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی 2021ئەوەش بەهۆی کرینەوەی پشکەکانی کۆمپانیای تۆتاڵ لە کێڵگەی سەرسەنگ  کە 18٪ ی پشکی کێڵگەکەیە.

کۆی بەرهەمی  کێڵگەی سەرسەنگ  لە سەرەتای دەستپێکردن بە بەرهەمەوە تا کۆتا ڕۆژی 2023 بریتی بووە لە 66.1 ملیۆن بەرمیل نەوت.

کۆی ئەو شایستە داراییەی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن HKN بۆ مانگی تشرینی یەکەم  تا کۆتایی کانوونی یەکەمی 2022 ناردویەتی بۆ حکومەت و هێشتا وەری نەگرتووە وەکو لە خشتەکی خوارەوەدا دیارە 139ملیۆن و 388 هەزار دۆلارە، لەم پرەش 108 ملیۆن و 262 هەزار دۆلاری پشکی ئێچ کەی ئێنە HKN  و شامارانیش 31 ملیۆن و 362 هەزار دۆلار. پریارە لە پاش 90 رۆژ کۆمپانیاکان شایستەکانیان بۆ هەرمانگێک وەربگرن، بەلام تائێستا هیچ وەرنەگیراوە.


| کێڵگەی سەرسەنگ ئەم شایستانە وەرنەگیراون | | | |
|---|---|---|---|
| مانگ | پری پارەی داواکراو | پشکی ئێچ کەی ئێن | شاماران |
| تشرینی یەکەم-٢٢ | 48,490,478 | 37,580,120 | 10,910,358 |
| کتشرینی دووەم-٢٢ | 49,795,294 | 38,591,353 | 11,203,941 |
| کانوونی یەکەم -٢٢ | 41,102,763 | 31,854,642 | 9,248,121 |
| کۆ | 139,388,535 | 108,026,115 | 31,362,420 |

نەوتی سەرسەنگ کوالیتی بەرزە و  APIلە نێوان 37- 39 یە وە پێشتر  نرخی بەرمیلێک نەوتی بە داشکاندنی 7 دۆلار لەژێر نرخی رۆژی برێنتەوە دیاری دەکرا،و کۆمپانیاکانی نەوت لە ناویانیشیانا ئێچ کەی ئێن HKN دەڵێن دڵنیا نین و نازانن نرخەکان بەم پێوەرە نوێیە چۆن کاریگەردەبێت لەسەریان.

ئەوەی جێی سەرنجە نرخی بەرمیلێک نەوتی ئەم کێڵگەیە لە مانگی ئەیلولی 2022 ەوە  واتە لە ئەوبەروارەی کە کە پێوەری  KTB ( تێکەڵەی کوردستان) لەبری برێنت بۆ دیاری کردنی نرخ دەستنیشان دەکرێت لە نێوان 17 بۆ 19 دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت فرۆشراوە. لەئێستاشدا لە 40 بۆ 45 دۆلار کەمتر دەفرۆشرێت.

| نرخی نەوتی سەرسەنگ بەراورد بە برێنت | | | |
|---|---|---|---|
| مانگ | نرخی برێنت | پوختەی نرخی وەگیراو | جیاوزی |
| کانوونی دووەم- ئاب -٢٢ | 107.28 | 98.02 | 9.25 |
| ئەیلول-٢٢ | 89.76 | 72.10 | 17.67 |
| تشرینی یەکەم-٢٢ | 93.33 | 74.24 | 19.09 |
| کتشرینی دووەم-٢٢ | 91.42 | 71.71 | 19.71 |
| کانوونی یەکەم -٢٢ | 80.92 | *62.16 | *18.16 |
| * خەمڵاندنی سەرەتاییە هێشتا نرخ پشتڕاست نەکراوەتەوە. | | | |

کێڵگەی سەرسەنگ لە پارێزگای دهۆکە و تێکڕا ئاستی بەرهەمی لە کۆتایی 2023 دا بەتێکڕا ڕۆژانە بریتی بووە لە 38,284 بەرمیل نەوت



## 5. شاماران ShaMaran

کۆمپانیای شاماران لە دوو کێڵگەی نەوتی گرێبەستی هەیە و نەوت بەرهەم دەهێنێت.ئەوانیش کێڵگەی ئەتروش و سەرسەنگن. پشکی کۆمانیاکە لە کێڵگەی سەرسەنگ  لە سەرەوە باسکرا.

### کێڵگەی ئەتروش ( شاماران و تاقە)

کۆی  ئەو شایستە داراییانەی کۆمپانیا نەوتییەکان لە کێڵگەی ئەتروش  لە چارەکی یەکەمی2023 دا وەریانگرتووە  بریتی بووە لە 55.2ملیۆن دۆلار کە بۆ مانگەکانی ئاب و ئەیلولی 2022 دەگەڕێتەوە. کۆمپانیای شاماران کە پشکی 27.6%کێڵگەکەی هەیە پری 20.33 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە و کۆمپانیای تاقەی ئیماراتی کە خاوەنی 47.4%ی پشکەکان بووە، پری  34.91 ملیۆنی وەرگرتووە.

| داهاتی کۆمپانیاکان لە کێڵگەی شێخان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو مانگانەی شایستە وەرگیراوە | تاقە | شاماران | کۆ |
| ئاب -٢٠٢٢ | 20.57 | 11.98 | 32.55 |
| ئەیلول- ٢٠٢٢ | 14.34 | 8.35 | 22.69 |
| کۆ | 34.91 | 20.33 | 55.2 |

تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە لەم چارەکەدا بریتی بووە لە 30,600  بەرمیل ، وەکۆی ئەو نەوتەی لەم ماوەیەدا فرۆشراوە بریتی بووە لە 2 ملیۆن و 729 هەزار بەرمیل . لەم نەوتە فرۆشراوە پشکی شاماران دەکاتە 18 ملیۆن و 555 هەزار دۆلار وە پشکی تاقەش لەداهاتی نەوت دەکاتە 31 ملیۆن و 729 هەزار دۆلارە.

## چارەکی دووهەم و سێهەم

هەر دوای چەند رۆژێکی کەم لە وەستانی هەناردە ئەم کێڵگەیە لە بەرهەم هێنان وەستا بەهۆی توانای دیاریکراوی ئەمبارەکانییەوە و نەبوونی کڕیار. لە چارەکی دووەم و سێهەمی ساڵی ٢٠٢٣دا ئەم کێڵگەیە بەرهەمی نەبوو تا بەرواری ٢٠٢٣/١١/٧ جارێکی تر کەوتەوە بەرهەم .

## چارەکی چوارەم

لە 7ی تشرینی دووەم دا دەستکرایەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگەیە، سەرەتا بە 20هەزار بەرمیل دەستی پێکردوو لە مانگی کانوونی یەکیشدا تێکڕای بەرهەم 10 هەزار بەرمیلی رۆژانە بوو، کە بەتێکڕا بەرهەمی رۆژانە لەم دوو مانگەدا 15 هەزار بەرمیل نەوت بووە, بۆ هەموو چارەکەکەش تێکڕا 9 هەزار و 11 بەرمیل بووە.

ئێستا لە چارەکی یەکەمی 2024 دا بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەی ئەتروش بۆ 25 هەزار بەرمیل نەوت بەرزبووەتەوە.

لە چارەکی چوارەمدا کۆی 829 هەزار بەرمیل نەوت فرۆشراوە کە بەتێکڕا 9 هەزار و 11 بەرمیلی رۆژانە دەکات. لە فرۆشی ئەم نەوتە پشکی شاماران 2 ملیۆن و 763 هەزار دۆلا ر بووە. پشکی تاقە بریتیە لە 4 ملیۆن و 724هەزار دۆلار. پشکی کۆمپانیایاکان بەیەکەوە لەم چارەکەدا کۆی 7 ملیۆن و 487 هەزار دۆلار بووە. تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی ئەم کێڵگەیە لە دوای.دەستپێکردنەوەی بەرهەم لە 7ی تشرینی دووەم 33 دۆلار بووە .

کۆی داهاتی هەردوو کۆمپانیاکە لە ساڵی 2023 دا بریتی بووە لە 57 ملیۆن و 771 هەزار دۆلار . شاماران 21 ملیۆن و 318 هەزار دۆلاری بەردەکەوێت و کۆمپانیای تاقەش 36 ملیۆن و 453 هەزار دۆلار. لەم پرە کۆمپانیاکان تەنها داهاتی چارەکی چوارەمیان وەرگرتووە کە 7 ملیۆن و 487 هەزار دۆلارە چونکە راستەوخۆ وەکو کۆمپانیاکانی تر خۆیان نەوتی کێڵگەکەیان فرۆشتووە و پێشەکی پارەیان وەرگرتووە و ئەوەشی ماوەتەوە دوای هەڵگرتین شایسەکانیان رادەستی حکومەتی هەرێم کراوە.


شایستە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٣ و چارەکی چواری ٢٠٢٢ وەرنەگیراوە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە و قەرزە لای حکومەتی هەرێم . کۆی نەوتی بەرهەمی کێڵگەی ئەتروش لە ساڵی 2023 دا بریتی بووە لە 3 ملیۆن و 558هەزار بەرمیل نەوت تا ٢٠٢٢/١٢/٣١.

| ئەتروش | کۆی نەوتی فرۆشراو | رۆژانە | داهاتی شاماران/ $ | داهاتی تاقە /$ | کۆی داهاتی کۆمپانیاکان |
|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەم | 2,729,000 | 30,600 | 18,555,000 | 31,729,000 | 50,284,000 |
| چارەکی دووەم | سفر | | | | |
| چارەکی سێهەم | سفر | | | | |
| چارەکی چوارەم | 829,000 | 9,011 | 2,763,000 | 4,724,730 | 7,487,730 |
| کۆی ساڵی ٢٠٢٣ | 3,558,000 | | 21,318,000 | 36,453,730 | 57,771,730 |

کۆمپانیای شاماران لە ساڵی 2010 ەوە لە کێڵگەی ئەتروش وەبەرهێنان دەکات و لەساڵی 2013 ەوە کێڵگەکە کەوتووەتە بەرهەم هێنانی نەوت. کۆی ئەو نەوتەی لە ساڵی 2013ەوە لە کێڵگەکەدا بەرهەم هاتووە تا ٢٠٢٣/١٢/٣١ بریتیبووە لە 70.5ملیۆن بەرمیل.

خەرجی سەرمایە گوزاری لەم کێڵگەیە بەرێژەی زیاتر لە 50٪ کەمی کردووە بەهۆی وەستانی هەناردەو دواکەوتنی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان. هێزی کاری کێڵگەکەش بۆ زیاتر لە نیوە کەمکراوەتەوە.

کۆمپانیای تاقەی ئیماراتی کۆمپانیای سەرکارە لە کێڵگەی ئەتروش . لە کۆتایی ساڵی 2023 دا کۆمپانیای شاماران پشکەکانی کۆمپانیای تاقەی ئیماراتی کڕییەوە پاشان بەشێک لە پشکەکانی بە کۆمپانیی ئێچ کەی ئێن HKN فرۆشتەوە بەمەش ئێست پشکەکانی شاماران بوو بە 50٪ و ئێچ کەی ئێن HKN بە 25٪ و هەرێمی کوردستانیش 25٪. لەم کێڵگەیە ئێستا ئیچ کەی ئێن HKN کۆمپانیای سەرکارە هەروەک کێڵگەی سەرسەنگ.



کێڵگەی ئەتروش لە 7ی تشرینی دووەمی 2023 دەستی بە بەرهەمهێنانی کردەوە، بە فرۆشتنی بە پالاوگەیەکی ناوخۆیی لە ڕێگەی ژێرخانی بۆرییەکانی ئێستاوە نەوتەکەی دەگوازێتەوە.
بەهۆی کەمبوونەوەی ئاستی چالاکییەکان دوای داخستنی ITP، شاماران ڕێنماییەکانی بۆ ساڵی 2023 ڕاگرت، کۆمپانیاکە دەڵێت لەگەڵ حکومەتی هەرێم و هاوبەشەکانیان کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی کوردستان.

## 6. کۆمپانیای فۆرزا (کێڵگەی هەولێر)

لە کێڵگەی هەولێر و کۆمپانیای فۆرزا پێترۆلیۆم کاردەکات و پشکی 65٪ لە کێڵگەکەدا هەیە، حکومەتی هەرێمیش بە 35٪ بەشدارە لە پشکی کێڵگەکەدا.

**چارەکی یەکەم:**

لە چارەکی یەکەمی 2023 دا کۆی بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە 1 ملیۆن و 150 هەزار و 200 بەرمیل. تێکڕای بەرهەمی رۆژانە لەم ماوەدا بریتی بووە لە 12,780 بەرمیل نەوت و ە و هەربەرمیلێکی بە 54.19 دۆلار فرۆشراوە. بڕی کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی کێڵگەکە لەو ماوەیە بریتی بووە لە 62 ملیۆن و 334 هەزار دۆلار, پێش لێدەرکردنی جەرجی.

| کێڵگەی هەولێر | بەرهەمی رۆژانە | کۆی بەرهەم | نرخی نەوت | داهاتی کێڵگەکە |
|---|---|---|---|---|
| | بەرمیل | بەرمیل | دۆلار | دۆلار |
| چارەکی یەکەم | 12,780 | 1,150,200 | 54.19 | 62,334,576 |

کۆمپانیای فۆرزا پەترۆلیۆم خاوەنی 65٪ ی پشکی کێڵگەکەیە واتە لە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیاکە لە 65٪ ی بەرهەم خەرجی و قازانی وەردەگرێت. پشکی فۆرزا پەترۆلیۆم لە بەرهەم بریتی بووە لە 738 هەزار و 100 بەرمیل بووە. کۆی داهاتی بەدەست هاتووە لە فرۆشی ئەو بڕە دەکاتە 40 ملیۆن وەکو لەخشتەکەدا دیارە .

| پشکی کۆمپانیا لە بەرهەم ٦٥٪ | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ رۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| 8,307 | 738,100 | 54.19 | 40,001,000 |

کۆمپانیاکە موڵکانە ، بەرنامی کۆمەلایەتی یان بەرپرسیاری کۆمەلایەتی CSR و کرێی زەوی لەگەڵ پشکی حکومەت لە و پرە لە داهات دەردەکات و ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت بە داهاتی کۆمپانیاکە . بۆیە 914 هەزار دۆلار وەرگیراوە بۆ بەرپرسیارێتی کۆمەڵەیەتی CSR. موڵکانە 4 ملیۆن دۆلار کە رێژەی 10٪ی داهات دەکات، وەکرێی زەویش پری1 ملیۆن و 287 هەزار دۆلار وەگیراوە . پشکی کۆمپانیای حکومەتیش لەم پرە لە داهات 15 ملیۆن و 544 هەزار دۆلار بووە. بەسەر یەکەوە لەگەڵ موڵکانەو بەرپرسیارێتی کۆمەڵەیەتی و کرێی زەوی لە 65٪ی بەرهەمی کێڵگەکە حکومەتی هەرێم 21 ملیۆن و 746 هەزار دۆلاری وەرگرتووە و کۆمپانیاکەش دەبێت 18 ملیۆن و 254 هەزار دۆلار وەربگرێت. کۆمپانیەکە دەڵێت شایستەی ئەوسێ مانگەو سێ مانگی کۆتایی 2022ی لای حکومەتی هەرێمە وەریان نەگرتووە.

| چارەکی یەک ٢٠٢٣ / داهات لە پشکی کۆمپانیا | | |
|---|---|---|
| برگە | داهات | ریژەی سەدی |
| باج | 914,477 | 2.3% |
| موڵکانە | 4,000,100 | 10% |
| کرێ | 1,287,643 | 3.2% |
| پشکی حکومەت لە داهاتی نەوت | 15,544,636 | 38.9% |
| پشکی حکومەت لە ٦٥٪ی کێڵگەکە | 21,746,856 | 54.4% |
| کۆی داهاتی کۆمپانیا | 18,254,144 | 45.6% |

ئەویرەی سەرەوە تەنها داهاتی حکومەت نییە بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو 35٪ ەی تری داهاتی کێڵگەشی بۆدەگەڕیتەوە. وەکو لەخشتەکەی خوارەوەدا دیارە کۆی داهاتی کێڵگەکە 62 ملیۆن و

334 هەزار دۆلارە . کۆی داهاتی کۆمپانیای فۆرزا پترۆلیۆمیش 18ملیۆن و 254 هەزار دۆلارە. ئەوەی بەپێی گرێبەستەکان داهاتی حکومەتی هەرێم بووە لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە 44 ملیۆن دۆلار کە ٧٠,٧٪ی کۆی داهاتی کێڵگەکە دەکات. بەلام حکومەت ١٠٠٪ داهاتی ئەوماوەیەی وەگرتووە وەکو هەموو کێڵگەکانی تر.

| کێڵگەی هەولێر | بەرهەمی رۆژانە | کۆی بەرهەم | نرخی نەوت | داهاتی کێڵگەکە | پشکی کۆمپانیا | ماوە بۆ حکومەت | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرمیل | بەرمیل | دۆلار | دۆلار | دۆلار | دۆلار | |
| چارەکی یەکەم | 12,780 | 1,150,200 | 54.19 | 62,334,576 | 18,254,144 | 44,080,432 | 70.7% |

## چارەکی دووەم :

لە کێڵگەی هەولێر لە چارەکی دووەم دا بەرهەم بە شێوەیەکی زۆر کەم هەبووە. رۆژانە بەتێکڕا 650 بەرمیل بووە بە دیاری کراوی لە 4 بیری کێلگەی بەنان و کۆی بەرهەمی ئەم چارەکە 55 هەزار بەرمیل نەوت بووە.

| بەرهەمی رۆژانە/چا | کۆی بەرهەم | نەوتی ئەمبار | کۆی فرۆش |
|---|---|---|---|
| بەرمیل | بەرمیل(١) | بەرمیل (٢) | بەرمیل (١+٢) |
| 605 | 55,055 | 5,407 | 60,462 |

لەم چارەکەدا کۆمپانیا بڕی 39هەزار و 300 بەرمیلی لە نەوتی کۆگا کراوی کێڵگەکە بە بازاڕی ناوخۆ فرۆشتووە وە بەنرخی 28.28 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک کۆی داهاتی ئەم چارەکە بریتی بووە لە 1ملیۆن و 111 هەزار دۆلار. 604 هەزار دۆلار داهاتی حکومەت بووە وە 507 هەزار دۆلار داهتی کۆمپانیا.

کۆمپانیای فۆرزا پێترۆلیۆم خۆی نەوتی بەرهەمهاتووی بە کڕیاری ناوخۆ فرۆشتووە و شایستە داراییەکانی خۆی لێدەرکردووە ئەوەی ماوەتەوە رادەستی حکومەتی هەرێم کراوە.

| پشکی کۆمپانیا لە بەرهەم ٦٥٪ | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ ڕۆژانە | پشک لە ٣مانگدا | نرخ | کۆی داهات / دۆلار |
| 400 | 39,300 | 28.28 | 1,111,404 |
| داهاتی حکومەت لە ٦٥٪ی بەرهەم | | | 604,223 |
| کۆی داهاتی کۆمپانیا | | | 507,181 |

کۆی داهاتی 100٪ی کێڵگەکە 1 ملیۆن و 709 هەزار دۆلار بووە و حکومەی دوای پشکی کۆمپانای فۆرزا پترۆلیۆم پری 1 ملیۆن و 202 هەزار بەرمیل نەوتی بۆ ماوەتەوە.

| چارەکی دووەم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی فرۆش | نرخی نەوت | داهاتی کێڵگەکە | پشکی کۆمپانیا | ماوە بۆ حکومەت | ڕێژەی سەدی |
| برمیل | دۆلار | دۆلار | دۆلار | دۆلار | |
| 60،462 | 28.28 | 1،709،865 | 507,181 | 1،202،684 | ٪70.3 |

## چارەکی سێهەم:

بە سەرنجدان بە ڕاگرتنی بەرنامەی کاری کۆمپانیاکە کە پێشتر ڕاگەیەندرابوو، چالاکییەکان لە ماوەی چارەکی سێیەمی ساڵی 2023 دا بەشێوەیەکی سنووردار بەردەوام بوو.

سەرەڕای سنووردارکردنی چالاکییەکان، کۆمپانیاکە بەردەوام بوو لە کارکردن لەسەر دانانی بۆرییەک کە کێڵگەی بەنان بە دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی هەولێر لە کێڵگەی دەمیرداغ دەبەستێتەوە. بەپێی ڕەزامەندی کۆتایی حکومەت، چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی چارەکی چوارەمدا بۆرییەکە بەکاربهێنرێت.

تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە لەم چارەکەدا بریتی بووە لە 6,462 کە کۆی بەرهەم بریتی بووە لە 594,462 بەرمیل نەوت کە لەگەڵ پری 8,154 بەرمیلی ئەمبارکراو، وە فرۆشراوە بە بازاڕی ناوخۆی هەرێم، بەسەریەکەوە دەکاتە 602 هەزار و 616 بەرمیل.

| كێڵگەی هەولێر | بەرهەمی رۆژانە | كۆی بەرهەم | نەوتی ئەمبار | كۆی فرۆش |
|---|---|---|---|---|
| | بەرمیل | بەرمیل(١) | بەرمیل(٢) | بەرمیل (١+٢) |
| چارەكی سێهەم | 6,462 | 594,462 | 8,154 | 602,616 |

نەوتی ئەم كێڵگەیە لەم ماوەیەدا بەرمیلی بە 30.83 دۆلار فرۆشراوە كۆی داهاتی فرۆش بریتی بووە لە 18ملیۆن و 578 هەزار دۆلار لەم پرەش كۆمپانی فۆرزا پترۆلیۆم پری 5 ملیۆن و 510 هەزار دۆلاری بەركەوتووە و ئەوەشی ماوەتەوە بۆ حكومەت بریتی بووە لە 13 ملیۆن و 67 هەزار دۆلار. پارەی فۆرشی نەوتەكەش بە تەواوەتی پێشەكی وەرگیراوە.

| كۆی فرۆش | نرخی نەوت | داهاتی كێڵگەكە | پشكی كۆمپانیا | ماوە بۆ حكومەت | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| برمیل | دۆلار | دۆلار (١) | دۆلار (٢) | دۆلار(١-٢) | |
| 602,616 | 30.83 | 18,578,651 | 5,510,839 | 13,067,812 | 70.3% |

ئەم خشتەیەی خوارەوە پشكی 65٪ ی بەرهەمی كێڵگەكەیە لە گەڵ پشكی هەریەك لە كۆمپانیا و حكومەت لەم پرەی بەرهەم.

| پشكی كۆمپانیا لە بەرهەم ٦٥٪ | | | |
|---|---|---|---|
| بەرمیل/ رۆژانە | پشك لە ٣مانگدا | نرخ | كۆی داهات / دۆلار |
| 4,225 | 391,700 | 30.83 | 12,076,111 |
| داهاتی حكومەت لە ٦٥٪ی بەرهەم | | | 6,565,272 |
| كۆی داهاتی كۆمپانیا | | | 5,510,839 |

وەسەبارەت بەو شایستە داراییانەی رابووردوو پێش وەستانی هەناردە، کۆمپانیاکە بەپێی شایستە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان پارەی تەواوی وەرگرتووە بۆ سەرجەم فرۆشتنی نەوت لە ڕێی بۆری هەناردەکردنی نەوتی کوردستان تاوەکو ئەیلولی 2022، لەگەڵ بالانسی 63 ملیۆن دۆلار بۆ فرۆشتنی نەوت لە تشرینی یەکەمی 2022 تاوەکو ئازاری 2023کە لای حکەمەتی هەرێم ماوە.
پارەی فرۆشتنی نەوتی ناوخۆ کە لەم چارەکەدا بە تەوەای لەلایەن کڕیارانەوە پێشوەختە دراوە.
پشکی کۆمپانیاکە لە تێچووی کارکردنی مەیدانی، لە خەرجییەکانی کارکردن، لە چارەکی سێهەمی 2023دا بریتی بووە لە 3.2 ملیۆن دۆلار (8.07 دۆلار/ بۆ بەرمیلێک) لە بەرامبەر 5.9 ملیۆن دۆلار (6.54دۆلار/ بۆ بەرمیلێک) بۆ چارەکی سێیەمی 2022.
تێچووی کارپێکردنی مەیدانی بۆ هەر بەرمیلێک زیادی کردووە بە بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی پێشوو بەهۆی کەمبوونەوەی قەبارەی فرۆشتن بە ڕێژەی ٥٧٪ بەهۆی بە داخستنی بۆری هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بەشەکەی تریشی بەهۆی کەمبوونەوەی تێچووی دامەزراوەکان، گازۆیل، ئاسایش، و ئامێرەکان بووە.

## چارەکی چوارەم :

تائێستا ڕاپۆرتی چارەکی چوارەمی کۆمپانیاکە بڵاونەکراوەتەوە لە کاتێکدا لە سالانی رابووردوودا لە کاتی خۆیدا و لەمانگی ئازاردا راپۆرتی سالانەی بڵاودەکرایەوە. روونبین پەیوەندی بە کۆماپانیای فۆرزا پێترۆلیۆمەوە کرد بەلام ئەم جارە بە پێچەوانەی جارەکانی ترەوە هیچ وەلامێکمان دەست نەکەوت.
چاوەڕێ دەکرێت وەکو کۆمپانیاکانی تر ئەم کێڵگەیەش ئاستی بەرهەمی زیادی کربێت. لە خراپترین باروودۆخدا ئاستی بەرهەم وەکو چارەکی سێهەم مابێتەوە لەم چارەکەدا، بەلام بەبێ بوونی داتا لە بەردەستدا هیچ شیکردنەوەیەکی بۆناکەین .

## میکانیزمی نرخ بۆ فرۆشتنی نەوت پێش وەستانی هەناردە

لە 1ی ئەیلولی 2022ەوە حکومەتی هەرێم میکانیزمێکی نوێی نرخی کڕینی نەوتی خاو جێبەجێکرد.

بەپێی میکانیزمی نوێی نرخدانان، نرخی فرۆشتنی وەدیهاتوو بۆ ماوەی مانگێک یەکسانە بە تێکڕای نرخی فرۆشتن کە حکومەتی هەرێم بۆ تێکەڵەی کوردستانی ("KBT") بەدیهاتووە. کە لە جەیهانی تورکیا لە ماوەی مانگێکدا فرۆشراوە.

داشکاندنی بە نزیکەی 10 دۆلار/بۆ هەر بەرمیلێک نەوت بۆ باج و کرێی سیستەمی بۆری، و ڕێککردنەوەی جیاوازی لە جۆری کوالێتی نەوت (لە ونەوت پێکهاتەی کۆگرد تێیدا) لەنێوان کێڵگەی هەولێر و KBT.

بۆ فرۆشتن لە مانگی ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، میکانیزمی نوێی نرخدانان بووە هۆی کەمبوونەوەی نزیکەی ١٠دۆلار/بۆ بەرمیلێک لە نرخی فرۆشتنی بەدیهاتوو بە بەراورد بە میکانیزمی نرخدانانی پێشوو. بۆ چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ ش بەهەمان شێوە. بەلام لە دوای وەستانی هەناردەوە لە ناوخۆدا بەنرخی زۆر داشکاوتر فرۆشرا.


ئەم دوو خشتەیەی خوارەوە ئاماژەیە بۆ تێکڕای نرخی نەوتی خاوی برێنت و نرخی فرۆشتنی نەوتی خاو لەلایەن کۆمپانیای فۆرزا پترۆلیۆمەوە بۆ هەر چارەکێک لە ٢٠٢١ تا کۆتای ٢٠٢٣ :

| نرخی بەرمیلێک نەوت/ دۆلار | ٢٠٢٣ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | جارەکی ١ | جارەکی ٢ | جارەکی ٣ | جارەکی ٤ |
| نرخی برێنت /دۆلار- بەرمیل (١) | 81.17 | 78.32 | 86.66 | 83.72 |
| تێکەڵەیی کوردستان | 67.64 | - | - | - |
| نرخی بەدەستهاتوو لە فرۆش (٢) | 54.19 | 28.28 | 38.83 | - |
| جیاوازی نرخی برێنت و کێڵگەکە (٢-١) | - 26.98 | - 50.04 | - 47.83 | - |

لە مانگی ئەیلولی 2022 کە یەکەم مانگ بووە پێوەری تێکەڵەی کوردستان KBT بەکار بهێنرێت ، تێکڕای نرخی KBT بریتی بووە لە 72.27 دۆلار بۆ بەرمیلێک، کە داشکاندنی 17.60دۆلارە بۆ بەرمیلێک بە بەراورد بە تێکڕای نرخی برێنت بۆ مانگەکە.

| نرخی بەرمیلێک نەوت/ دۆلار | 2021 | | | | 2022 | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | جارەکی ١ | جارەکی ٢ | جارەکی ٣ | جارەکی ٤ | جارەکی ١ | جارەکی ٢ | جارەکی ٣ | جارەکی ٤ |
| نرخی برێنت | 69.19 | 73.51 | 73.51 | 79.76 | 102.23 | 113.93 | 100.84 | 88.87 |
| تێکەڵەیی کوردستان | - | - | - | - | - | - | - | 69.93 |
| نرخی بەدەستهاتوو لە فرۆش | 44.44 | 52.32 | 56.81 | 63.37 | 81.07 | 94.28 | 79.11 | 59.09 |
| جیاوازی نرخی برێنت و کێڵگەکە | - 24.75 | - 21.19 | - 16.70 | - 16.39 | - 21.16 | - 19.65 | - 21.73 | - 29.78 |

کۆمپانیای فۆرزا پێترۆلیۆم لە پێش مانگی تشرینی دووەمی 2020 دا لە ژێر ناوی Orex Petroleum دا کاری دەکرد و لە 27ی تشرینی دووەم ناوەکەی گۆڕی بۆ Forza Petroleum ئێستا لەژێر ئەو ناوەدا کاردەکات.



# ئەو کۆمپانیانەی شایستە و زانیاریان لەسەر کێڵگە نەوتییەکان بڵاو ناکەنەوە

## 1. کـــار گـروپ (خورمەڵە)

کۆمپانیای کار لە کێڵگەی خورمەڵە کار دەکات و گرێبەستی لە گەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە بۆ پەرەپێدن لە کێڵگەکەدا. جۆری گرێبەستی ئەم کۆمپانیایە تائێستا ڕانەگەیەنراوە، بەلام لەبەر ئەوەی ئەم کێڵگەیەی کار گروپ کاری تێدا دەکات کێڵگەیەکی ئامادەبووە و لە بەرهەمدابووە کاتێک کۆمپانیاکە وەریگرتووە، پێدەچێت گرێبەستی خزمەت گوزاری بێت. ئاستی بەرهەم لەکێڵگەی خورمەڵە پێش وەستانی هەناردە بە145 بۆ 150 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە مەزەندە دەکرێت، نزیکەی 37٪ ی هەموو بەرهەمی نەوتی کوردستانە. کۆمپانیاکە تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر ئاستی بەرهەم و شایستە داراییەکانی بڵاو نەکردووەتەوە.

بەپێێ ڕاپرتی چاودێری دارایی عێراق، لەچارەکی یەکەمی 2023 دا کۆمپانیای کار بۆ شایستەی دارایی سالانی پێشووی بە سێ گوژمە کۆی 77 ملیۆن و 989 هەزار و 438 هەزار دۆلاری وەرگرتووە لە بری نەوتی بەرهەم هاتوو. لەمانگی کانوونی دوومی 2023 دا 27 ملیۆن و 460 هەزار و 963 دۆلار، لە شوباتد بری 24 ملیۆن و 701 هەزار و 600 دۆلار ، وە مانگی ئازار بڕی 25 ملیۆن و 826 هەزار و 875 دۆلار.

| چارەکی یەکەم /٢٠٢٣ | کار |
|---|---|
| کانوونی دووەم | 27,460,963 |
| شوبات | 24,701,600 |
| ئازار | 25,826,875 |
| کۆی جارەکی ١ | 77,989,438 |

ڕوونبین پەیوەندیکرد بە کۆمپانیای کارەوە بەلام پەیوەندییەکە درووست نەبوو، هەروەها کۆمپانیاکەش هیچ پێگەیەکی ئەلەکترۆنی نییە بۆ چالاکییەکانی. بەلام روونبین لە سەرچاوەی نافەرمییەوە زانیویەتی کە کێڵگەکە تا ئێستا بەردەوامە لە بەرهەم هێنان بەلام بەئاستێکی کەمێک نزمتر لە پێش وەستانی هەناردە لە 25ی ئازار.

ئێستا زۆربەی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بۆ پالاوتن لە پالاوگەی کار بەکاردەهێنرێت کە پالاوگەکە پێک دێت لە 3 یەکەی پالاوتن کە توانای پالاوتنی 150 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە رۆژانە.
کێڵگەی خورمەڵە بە بۆرییەکی 24" ئینجی دەگاتە پالاوگەکە کە درێژی بۆرییەکە 40 کیلۆمەترە. لەمانگی ئەیلولدا رۆژانە لە پالاوگەکانی کار تەنها بەرهەمی کێڵگەی خورمەڵە کە گەشتووەتە پالاوگەی کار بۆ پالاوتن، بریتی بووە لە 103 هەزار بەرمیل نەوت. لەو نەوتە خاوەش (بەنزین، دیزل، نەوتی سپی، غازی مالان LPG ، سوتەمەنی فرۆکە و نەوتی ڕەش)ی لێ بەرهەم دێت. کار دەڵێت رۆژانە 4 ملیۆن و 300 هەزار لیتر بەنزین بەرهەم دەهێنین. کەنزیکەی 70٪ لە پێداویستی ناوخۆ یە.
لە چارەکی یەکەمدا کۆی ئەو بڕە نەوتەی دراوە بە پالاوکەی کار و لاناز بۆ پالاوتن بریتی بوو لە 4 ملیۆن و 39 هەزار بەرمل لە مانگی کانوونی دووەمدا بڕی 1 ملیۆن و 429 هەزار و لە شوباتدا 1 ملیۆن و 152 هەزار وە لە ئازاردا 1ملیۆن و 457 هەزار بەرمیل بووە. نرخی پالاوتن تەنانەت دیوانی چاودێری دارایی عێراق و هەرێمیش نایزانن، هەروەک لە راپۆرت ئەم دامەزراوەیەدا هاتووە.

| چارەکی ای ٢٠٢٣ | نەوتی دراو بە پالاوگەی کار و لاناز | تێکڕای ڕۆژانە/ بەرمیل |
|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 1,429,176 | 46,102 |
| شوبات | 1,152,450 | 41,159 |
| ئازار | 1,457,606 | 47,020 |
| کۆ | 4,039,232 | |

لە چارەکی دووەمدا دوای وەستانی هەناردە تێبینی دەکرێت بڕی ئەونەوتەی دراوە بەو دوو پالاوگەیە بەرێژەی بەرچاو بەرزبووەتەوە کە زیاتر لە 52٪ چارەکی یەکەم . لەم چارەکەدا کۆی 6 ملیۆنو 161هەزار بەرمیل لە و دوو پالاوگەیە بۆ حکومەتی هەرێم پاڵێوراوە بەم شێوەیە: لە نیساندا 2ملیۆن و 281 هەزار بەرمیل ، لە ئایاردا 2 ملیۆن و 92 هەزار بەرمیل وەلە حوزەیراندا 1ملیۆن و 786بەرمیل .

| چارەکی دووەم /٢٠٢٣ | نەوتی دراو بە پالاوگەی کار و لاناز | تێکڕای ڕۆژانە/ بەرمیل |
|---|---|---|
| نیسان | 2,281,969 | 76,066 |
| ئایار | 2,092,673 | 67,506 |
| حوزەیران | 1,786,650 | 59,555 |
| کۆ | 6,161,292 | |

لەچارەکی سێیهەمدا پالاوگەی کار رۆژانە 103 هەزار بەرمیل نەوتی تەنها کێڵگەی خورمەڵەی پالاوتووە.

ئەم کۆمپانیایە کۆمپانیایەکی خۆماڵییە و کارکردنی لە بواری نەوتدا نوێ یە و لە گەڵ دامەزراندنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا کار ئاسانی بۆ کراوە، ئێستا گەورەترین کۆمپانیا ناوخۆی بواری وزە یە لە هەرێم.

کۆمپانیای کار ئێستا لە گەڵ کۆمپانیای رۆسنەفتی روسیدا خاوەندارێتی بۆری گواستنەوەی هەرێمیش دەکات و پشکی 40٪ ی هەیە و کۆمپانیا روسییەکەش 60٪ . کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت بەم بۆرییەدا لە ناو خاکی کوردستاندا بە پێێ ڕاپۆرتی دیلۆیت کە لە 2021/6/28 بڵاوکراوەتەوە 4 دۆلار و 86 سەنت بووە لە چارەکی چوارەمی ساڵی 2020 دا، لە کاتێکدا کرێی گواستنەوە و ئەمبارکردنی بەرمیلێک نەوت لە ناو خاکی تورکیادا 1دۆلار و 28سەنت بووە بەپێی هەمان ڕاپۆرت.

هەروەها کۆمپانیای کار خاوەندارێتی گەورەترین پالاوگەی هەرێمی کوردستانیش دەکات کە پێش وەستانی هەناردەی نەوت رۆژانە نزیکەی 25 هەزار بەرمیل نەوتی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەپالاوت و ئێستا بە تەواوی توانایەوە نەوت دەپاڵیوێت. لە ڕابوردوودا بەپێی ئەو پارانەی لەحکومەت وەریانگرتووە بۆ پالاوتن بە دوو هێندەی ئەو نرخە مەزەندە دەکرێت کە پالاوگەکە بۆ وەزارەتی نەوتی عێراقی دەپالاوت!

## 2. کۆمپانیای گازپرۆم و وێستەرن زاگرۆس

### کێڵگەی گەرمیان

ئەم کێڵگەیە کەو تووەتە ناوچەی گەرمیانەوە هەریەک لە کۆمپانیای گازپرۆم روسی و وێستەرن زاگرۆسی کەنەدی وەبەرهێنانی تێدا دەکەن و هەریەکە خاەنی 40٪ ی پشکەکانن. ڕوونبین پەیوەندی بەهەردوو کۆمپانیاکەوە کردووە بۆ دەستخستنی زانیاری نوێ بەلام بەداخەوە تا ئەم ساتە هیچ وەلامێکمان دەست نەکەوتووە.

ئەم کێڵگەیە ئێستا ئاستی بەرهەمی لە 33هەزار بەرمیلی ڕۆژانەوە بۆ 12هەزا ر بەرمیل لە چارەکی یەکەم و پاشان لە چارەکی سێ و چواردا لە نێوان 10,200 بۆ 9,200 دابەزیوە. بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بەتەنکەر دەبرێت بۆ پالاوگەی دووکان بۆ پالاوتن و رۆژانە لە ئێستادا 42 تەنکەر نەوتی کێڵگەکە دەگوازێتەوە.

هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بۆ راکێشانی ئاو بۆ ناو حەشارگە نەوتییەکە دەگەرێتەوەو ڕاکێشانی ئاو لەگەڵ نەوتەکەدا بەرێژەیەکی زۆرە کە جیاکردنەوەی قورسە هەندێک جار، هەروەک لە تەق تەق و سەرتە و پێشتریش لە تاوکی ڕویدا. جۆری نەوتی ئەم کێڵگەیە نەوتێکی سوک و شیرینە وAPI یەکەی لە 45 دایە. بیرە نەوتییەکانی گەرمیان لە ئێستادا ژمارەیان چوار بیری نەوتە .

بیرە نەوتی سەرقەلا یەکی گەرمیان، دەکەوێتە گوندی حەسیرەوە، بیرە نەوتی سەرقەلا دوو لە گوندی ملە سورەیە، بیرە نەوتی سەرقەلا سێ دەکەوێتە گوندی کەواچەرمووەوە، بیرە نەوتی سەرقەلا چواریش لە گوندی کارێزەیە، بیرە نەوتی سەرقەلا پێنجیش کە خەریکە شکست دەهێنێت، دەکەوێتە گوندی ملە سورەوە، سەرجەم گوندەکانیش لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی سەرقەلای سنوری قەزای کفریین.

بەهەمان شێوەی کۆمپانیای کار ئەو کۆمپانیایانەی لێرە کاردەکەن شایستە داراییەکانیان ڕانەگەیاندووە بەلام ساڵی چەند جارێک زانیاری لەسەر چالاکی و ئاستی بەرهەمیان ڕادەگەیاند، ماوەیەکە ئەو زانیاریانەش بوونی نەماوە.

تائێستا چەند جارێک کێشە بۆ گواستنەوەی نەوتی ئەم کێڵگەیە دروست بووە، وەکو ناڕەزایی لە لایەن شۆفێری گواستنەوەی نەوت و خەڵکی ناوچەکەوە

## 3. کۆمپانیای ڕۆسنەفت ( کێڵگەی بجیل)

کێڵگەی بجیل دەکەوێتە نزیک هەریر و لە ساڵی 2010 نەوتی لێ دۆزراوەتەوە کۆمپانیای ڕۆسنەفت لە ساڵی 2017 دا گرێبەستی هاوبەشی کردنی لەبەرهەم لەگەڵ هەرێم کردووە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە و پشکی ٨٠٪ی کێڵگەکەی هەیە. بە پێی ئەو داتایانەی لە بەردەستی ڕوونبینە کێڵگەکە لە کۆتایی مانگی کانوونی 2023 دا ئاستی بەرهەمی بریتی بووە لە 6,000 بەرمیل نەوتی ڕۆژانە . کۆمپانیا ڕووسییەکە هیچ زانیارییەکی لەسەر ئاستی بەرهەم و خەرجی و داهاتی کێڵگەکە و کۆمپانیاکە بڵاونەکردووەتەوە. وە هیچ زانیارییەک بەردەست نییە کە ئایا لە دوای ڕاوەستانی هەناردە بەرهەمی ئەم کێڵگەیەش وەکو هەندێ کێڵگەی تر وەستاوە یان نا، وەگەر وەستابوو ئایا ئێستا لە بەرهەمدایە یان نا؟

## 4. کۆمپانیای هەنت ئۆیل (کێڵگەی ئێسفنی یان عەین سیفنی)

ئەم کێڵگەیە کەوتووەتە نزیک شارۆچکەی شێخان لە پارێزگای دهۆک ، کۆمپانیای هەنت ئۆیل وەبەرهێنانی تێدا دەکات پشکی 80٪ی کێڵگەکەکی هەیە ئەم کێڵگەیە لەساڵی 2011دا نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە . جۆری نەوتەکەی قورسە و API 21 . ولە کۆتایی کانوونی دووەمی 2023 دا ئاستی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە 6,500 بەرمیلی ڕۆژانە بووە. زانیار ئەوتۆ بەردەست نییە کە لەگەڵ وەستانی هەناردەدا ئایا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە وەستاوە یان نا، وەگەر وەستابوو ئایا ئێستا لە بەرهەمدایە یان نا؟

## 5. کۆمپانیای پیت ئۆیل (کێڵگەی چیا سورخ)

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە سنوری ناحیەی قۆرەتو، ئەگەرچی ئەم ناحیەیە سەر بە قەزای خانەقینە، بەلام بەوپێیەی لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دا بەشێکی زۆری ئازادکراوە، ئیدارەدانی لەسەر هەرێمی کوردستانە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئیدارەی گەرمیانەوە.

لەم بلۆكە نەوتیە دا 9 بیری كۆن هەیە، كە لە ساڵی 1902تا 1954 لەلایەن (ئەنگلۆ-پێرژەن) كە كۆمپانیایەكی هاوبەشی بەریتانی-ئێرانیە كاری تێداكراوە، لە كۆتای ساڵی 2009 كۆمپانیای (GGFZ)ی چینی كاری بەدواداگەرانی بۆكرد(سایزمیك)، بەسەرپەرشتی كۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی(توركی-بەریتانی) لە كۆتایی ساڵی ٢٠١٢، بیری ژمارە(10، 11، 12) تێدا لێدراوە. بەرهەمی رۆژانەی ئەم بلۆكە نەوتیە بەپێی زانیارییەكان لە كۆتایی 2022 دا 2هەزار بەرمیلی رۆژانە بووە و كۆمپانیای پیت ئۆیل پشكی 80٪ی پشكەكانی هەیە و چاوەڕێ دەكرا تا ناوەڕاستی ئەمساڵ بەرهەمی ببێت بە دوو هێندە. بەپێی زانیارییەكانی ئێمە لە ئێستادا بەرهەمی ئەم كێڵگەیە بەتەواوەتی وەستاوە.

## 6. كۆمپانیای وێستەرن زاگرۆس (كێڵگەی كوردەمیر )

بلۆكی كوردمیر دەكەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی هەرێمی كوردستان، لە دامێنی بەرزاییەكانی ڕۆژئاوای زنجیرە چیای زاگرۆس. بلۆكەكە 245 كیلۆمەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە.

وێستەرنزاگرۆس لە ساڵی 2009 بیری دۆزینەوەی كوردمیری لێداوە، كاپێكی گەورەی گازی سروشتی دۆزیوەتەوە. لە سالانی دواتردا كۆمپانیاكە لە ئەنجامی گەڕان و پشكنین بوونی نەوتێكی بەرچاو لە ژێر گازەكەدا پشتڕاستكردەوە.

شیكاری سەربەخۆی یەدەگەكان دەریدەخەن كە كێڵگەی كوردمیر كێڵگەیەكی زۆر گەورەی نەوت و گازی سروشتی و كۆندێنسێت بێت.

كێڵگەی كوردەمیر كێڵگەیەكی گەورەیە بە پێی هەڵسەنگاندنەكانی وێستێرن زاگرۆس دەتوانرێت بڕی 1.8ترلیۆن پێ سێجا گازی لێ بەرهەم بێت و بڕی 420 ملیۆن بەرمیل نەوتیش. كێڵگەكە لە توانایدا بەرهەمی لە ئایندەدا بگاتە زیاتر لە 100 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە بەلام بە بێ بەستنەوەی راستەوخۆی بە بۆرییەوە كارێكی ئەستەمە. هەروەها كۆمپانیای وێستێرن زاگرۆس دەڵێت " بەرهەمهێنانی بەردەوام دۆزینەوەی گەورەی كوردەمیر ، پێویستی بەوەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری زۆر دەبێت لەپرۆسەكانی چارەسەركردن و ژێرخانی هێڵی گواستنەوەدا."


سەبارەت بە گاز پێشتر وێستێرن زاگرۆس پێشنیاری ئەوەی كردبوو كە دەتوانرێت كە بەرهەمەكەی بگوازرێتەوە بۆ ویستگەی وزەی چەمچەماڵ كە توانای 1.5 گیگا واتی هەیە. بەلام لە ئێستادا دەرچەی گاز كارێكی پێویست نییە چونكە بەرهەم لەسەرەتاوە كەم دەبێت.

کۆمپانیاکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2021دا لەسەر پلانی پەرەپێدانی مەیدانی ڕێککەوتوون کە ئەم دۆزینەوەیە بتوانێت دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت و گاز بکات. گەشەپێدانەکە لەسەر ئەمباری ئۆلیگۆسین دەبێت کە نەوتی سوکی لە ژێر سەرپۆشی غازەکەدا تێدایە. پلانەکە داوای پەرەپێدانی قۆناغ بە قۆناغی کێڵگەکە دەکات و قۆناغی یەکەم بە ئامانجی بەرهەمهێنانی 15هەزار بەرمیل نەوتی سووک لە ڕۆژێکدا و 75 ملم لە کاتژمێرێکدا غازی کەم گۆگرد. ئەنجامی ئەو بیرانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا کونکراون ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئامانج بۆ قۆناغی دووەم و قۆناغەکانی دواتر دیاری دەکات.

کوردەمیر دووەمین کێڵگەیە کە وێستەرن زاگرۆس سەرمایە گوزاری تێدا دەکات لەپاڵ کوردەمیردا پشکی 40٪ی بلۆکی گەرمیانی هەیە کە کێڵگەی سەرقەلا ئێستا نزیکەی 10 هەزار بەرمیل نەوتی سوک بەرهەم دەهێنێت( ئەی پی ئای 40° ). بەڕێوەبەری جێبەجێکاری وێستێرن زاگرۆس سایمن هاتفیلد ماوەیەکی درێژە کێڵگەی کوردەمیر بە تاجی ئاڵتونی کۆمپانیاکە دەبینێت ، بۆیە بەرەوپێشچوون لە پەرەپێدانیدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ کۆمپانیاکە.

وێستەرن زاگرۆس کێڵگەی کوردمیر بەڕێوەدەبات، بە ڕێژەی 80٪ ی کارکردن. حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی پشکەکانی ترە.

هیچ زانیارییەکی فەرمی لە بەردەست نییە سەبارەت بە بەرەوپێشچوون وئاستی کارەکان لەکێڵگەکە




ناوچەی پەرەپێدانی کوردە میر

# دەرئەنجام

# دەرئەنجام

پوختەی ئەوپارانەی 11کۆمپانیای نەوتی لە 8 کێڵگەی بەرهەم هێنی نەوتی هەرێم وەریان گرتووە لە ماوەی ساڵی 2023 دا کە بەسەریەکەوە 936ملیۆن و 190 هەزار دۆلاریان وەرگرتووە. بەیەکەوەرێژەی 60٪ی بەرهەمی نەوتی هەرێم بەرهەم دەهێنن.
لە چارەکی یەکەمدا کۆمپانیاکان بە کۆمپانیای کاریشەوە بڕی 515.7ملیۆن دۆلاریان وەرگرتووە و لە دوای وەستانی هەناردەش کۆمپانیاکان بڕی 420 ملیۆن دۆلاریان وەرگرتووە.

| # | کۆمپانیا | | داهاتی نەوت- ملیۆن $ /٢٠٢٣ |
|---|---|---|---|
| ١ | دی ئێن ئۆ | DNO | 253.2 |
| ٢ | گەنێڵ ئەنێرجی | Genel Energy | 101 |
| ٣ | ئاداکس پترۆلیۆم | Adax Petrolume | 6.37 |
| ٤ | ئێچ کەی ئێن | HKN | 203.35 |
| ٥ | شاماران | Shamaran | 83.464 |
| ٦ | گوڵف کیستۆن | Gulf Keystone | 109.2 |
| ٧ | ئێم ئۆ ئێڵ | MOL | 27.97 |
| ٨ | تاقە | TAQA | 36.755 |
| ٩ | فۆرزا پەترۆلیۆم | Forza Petrolume | ٣١ |
| ١٠ | شێڤرۆن | Shevron | ٥,٩ |
| ١١ | کار گروپ | KAR Group | 77.99 |
| | کۆی داهاتی ١١ کۆمپانیا لەساڵی ٢٠٢٣ | | 936.19 |

بەپێی ئەوشیکردنەوەی بۆ بەرهەم و داهاتی کێڵگەکانی هەرێمان کردوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بە تێکڕا هەرێمی کوردستان ڕێژەی 60٪ی کۆی داهاتی بۆماوەتەوە ، چونکە خەرجی گواستنەوەی لەسەر نییە بەڵکو نەوتەکە لە خاڵی بارکردنی کێڵگەکەوە دەفرۆشێت. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیا نەوتییەکان پشکەکانیان لە نێوان 36٪ بۆ 40٪ کۆی داهات یان بەرهەمی

کێڵگەکە. بەوپێ یە تەنها لەداهاتی ئەم کێڵگانەی ئەم 11 کۆمپانیایە کاری تێدا دەکەن زیاتر لە 1ملیار و 400 ملیۆن دۆلار داهاتی حکومەتی هەرێم بووە لە 2023 دا. ئەمە جگە لەو کێڵگانەی داهات و بەرهەمیان ئاشکرا نەکراوە و ئێمەش نەمانتوانیوە هیچ زانیارییەکمان لەسەریان دەستبکەوێت.

بەپێی بەدواچوونی ئێمە بۆ کێڵگە بەکێڵگەی نەوتی و شیکردنەوەی داتاکان لە چارەکی یەکەمی 2024 دا ئاستی بەرهەمی کێڵگەکان بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە ، هەندێ کێڵگە وەکو تاوکی، خورمەڵە، شێخان و سەرسەنگ گەشتونەتە ئاستی چارەکی یەکەمی ساڵی 2023.

وەکۆی بەرهەم زیاتر لە ٨٠٪ی پێش وەستانی هەناردە بەرزبووەتەوە.

| # | بلۆکی نەوتی | تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەت کێڵگە | بەرهەمی چارەکی ١ | تێکڕات نرخ/ $ | کۆی داهات / دۆلار | پشکی کۆمپانیا/ دۆلار | پشکی حکومەت/ دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تاوکی | ٩٠,٠٠٠ | ٨,١٩٠,٠٠٠ | ٣٢ | ٢٦٢,٠٨٠,٠٠٠ | ١٠٤,٨٣٢,٠٠٠ | ١٥٧,٢٤٨,٠٠٠ |
| ٢ | تەق تەق | بەرهەمی نییە | | | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٣ | سەرسەنگ | ٣٨,٢٤٨ | ٣,٤٨٠,٥٦٨ | ٤٠ | ١٣٩,٢٢٢,٧٢٠ | ٥٥,٦٨٩,٠٨٨ | ٨٣,٥٣٣,٦٣٢ |
| ٤ | ئەتروش | ٢٥,٠٠٠ | ٢,٢٧٥,٠٠٠ | ٣٠ | ٦٨,٢٥٠,٠٠٠ | ٢٧,٣٠٠,٠٠٠ | ٤٠,٩٥٠,٠٠٠ |
| ٥ | شێخان | ٤٥,٠٠٠ | ٤,٠٩٥,٠٠٠ | ٢٧ | ١١٠,٥٦٥,٠٠٠ | ٤٤,٢٢٦,٠٠٠ | ٦٦,٣٣٩,٠٠٠ |
| ٦ | هەولێر | ٦,٥٠٠ | ٥٩١,٥٠٠ | ٣٠ | ١٧,٧٤٥,٠٠٠ | ٧,٠٩٨,٠٠٠ | ١٠,٦٤٧,٠٠٠ |
| ٧ | خورمەڵە | ١١٠,٠٠٠ | ١٠,٠١٠,٠٠٠ | ٣٠ | ٣٠٠,٣٠٠,٠٠٠ | ٦٠,٠٦٠,٠٠٠ | ٢٤٠,٢٤٠,٠٠٠ |
| ٨ | گەرمیان | ٩,٢٠٠ | ٨٣٧,٢٠٠ | ٣٥ | ٢٩,٣٠٢,٠٠٠ | ١١,٧٢٠,٨٠٠ | ١٧,٥٨١,٢٠٠ |
| ٩ | بجیل | زانیاری نییە | | | ٠ | | |
| ١٠ | ئیسفنێ /عەین سفنی | زانیاری نیە | | | ٠ | | |
| ١١ | کۆرمۆر | ١٥,٠٠٠ | ١,٣٦٥,٠٠٠ | | داهاتی بۆ هەرێم نییە | | |
| کۆی بەرهەم | | ٣٣٨,٩٤٨ | | | ٩٢٧,٤٦٤,٧٢٠ | ٣١٠,٩٢٥,٨٨٨ | ٦١٦,٥٣٨,٨٣٢ |

ئەوکۆمپانیاینەی داهات و بەرهەمیان ڕانەگەیاندووە لە ڕابووردو و ئێستادا، وەک لەم خشتەیەی خوارەوە هاتووە بریتین لە 7 کۆمپانیا کە لە 6 کێڵگەی جیا کاردەکەن . ناوی کۆمپانیای (کار گروپ) لە ناو کۆمپانیاکانی کە داهاتیان راگەیاندووە دووبارە بووەتەوە، ئەویش لەبەر ئەوە نا کە کۆمپانیاکە داهاتی راگەیاندووە بەڵکو ئەو داهاتە لە راپۆرتی چاودێری دارایی عێراقدا هاتووە.

| # | ئەو کۆمپانیایانەی داهات و بەرهەمیان ڕانەگەیاندووە | | |
|---|---|---|---|
| ١ | کار گرۆپ | KAR Group | - |
| ٢ | گازپرۆم | Gazprom | - |
| ٣ | وێستێرن زاگرۆس | Western Zagros | - |
| ٤ | ڕۆسنەفت | Rosneft | - |
| ٥ | پیت ئۆیل | Oil Pit | - |
| ٦ | هەنت ئۆیل | Hunt Oil | - |
| ٧ | کۆمپانیای وزەی تورکی | ETC | - |

## کەم کردنی بەرهەمی کێڵگەکان :

- لە ماوی 8 ساڵدا بەرهەمی کێڵگەی تاوکی لە 145 هەزارەوە بۆ 44 هەزار دابەزیوە.
- لەماوەی 8ساڵدا بەرهەمی تەق تەق لە 148 هەزارەوە بۆ 3,970بەرمیل دابەزیوە
- لە ساڵی 2022 دا بەرهەمی سەرقەلا لە گەرمیان لە 33 هەزارەوە بۆ 12 هەزار و ئێستا بۆ 9,200 بەرمیل دابەزیوە.
- هەر لە ساڵی 2022دا بەرهەمی کێڵگەی سەرتە لە زیاتر لە 10 هەزار بەرمیلەوە بۆ 3,160بەرمیل دابەزیوە. و لەکۆتایی ساڵی 2023 دا لەبەر ئەوەی سوودی بازرگانی نەبوو کێڵگەکە ڕادەستی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کرایەوە.
- زانیاری نا فەرمیش دەڵێن کێڵگەی خورمەڵە بەرهەمی گەشتبووە 170 هەزار بەرمیی ڕۆژانە بەلام ئێستا لە نێوان 110بۆ 120 هەزاردایە.
- دوای وەستانی هەناردەی هەرێم هێشتا کێڵگەی تەق تەق، و باشیک نەکەوتوونەتەوە بەرهەم هێنان.
- هەریەک لە کێڵگەکانی بجیل، عین سفنی و جیاسورخ هیچ زانیارییەک نییە لەسەر دەستپێکردنەوەی بەرهەمیان. .

## زیادکردنی بەرهەمی کێڵگەکان:

هەر لەماوەی 8 ساڵی ڕابوردوودا:

- کێڵگەی فیشخاپور کەوتە بەرهەم، ئێستا ئاستی بەرهەمی 49,500 هەزار بەرمیلە.
- کێڵگەکانی سەرسەنگ، ئەتروش و شێخان بەرهەمیان قۆناغ بە قۆناغ زیادی کردووە .
- لەساڵی 2021 دا دوو کێڵگەی گازی بنە باوێ و میران لە کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی وەرگیرایەوە، کەیسەکە لە دادگای ناوبژیوانی لەندەنە، کۆمپانیای گەنێڵ داوای قەرەبوو دەکات. 19 شوبات 2024دوو هەفتە دادبینی کۆمپانیاکە و حکومەتی هەرێم بوو لە دادگا و چاوەڕی دەکرێت لەمساڵدا بڕیاری کۆتایی لە کەیسەکە بدرێت. گەنێل ئەنێرجی داوای قەرەبوویەکی زۆر دەکات و دەڵێت بڕی 1.4ملیار دۆلارمان لەو دوو کێڵگەیەدا خەرج کردووە.
- لە سەرەتای ساڵی 2023 دا گرێبەستی ناوچەی گرێبەستی قەرەداغ کۆتایی هات بە بێ ئەوەی کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی و شیڤرۆن نەوتی لێ بەرهەم بهێنن.
- لە کۆتایی ساڵی 2023 دا گرێبەستی کێڵگەی سەرتە لەلایەن کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی و شێڤرۆنەوە کۆتایی پێهێنرا و کێڵگەکە رادەستی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کرایەوە. بەمەش کۆمپانیای شیڤرۆن هیچ وەبەرهێنانێکی لەهەرێمی کوردستان نەما.
- کێڵگەکانی بجیل، ئیسفنی و سەرتە باشیک بە بڕێکی نزم کەوتنە بەرهەم هێنان .
- هەر لە چارەکی کۆتایی ساڵی 2022دا نرخی نەوتی هەرێم لە 10دۆلار داشکاندنەوە بۆ 17تا 19دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت دەفرۆشرا.
- لەدوای وەستانی هەناردەوە و فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە بازاڕی ناوخۆدا داسکاندنی زیاتر بۆ نرخی نەوتی هەرێمکرا لە 17 بۆ 19دۆلارەوە ئێستا بە 50 بۆ 55 دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت کە پێوانەی جیهانییە دەفرۆشرێت .

## رێکارەکانی دژ بەهەرێم

- لە بەرواری 15ی شوباتی 2022 دا دادگای فیدراڵ بڕیاریدا لەسەر نادەستووری بوونت یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007ی یاسای نەوت و گازی هەرێم ، بەمەش گرێبەستی کۆمپانیا نەتییەکان لە حوکمی نەبووندا یە لەلای حکومەتی ءێراق چونکە کۆمپانیا نەوتییەکان گرێبەستەکانیان بەپێی ئەویاسایە ئەنجامداوە.
- لە مانگی تەموز و ئابی 2022دا دادگای بازارگانی کەرخ چەندین گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەمی PSAکۆمپانیا نەوتییەکان کەلەگەڵ هەرێم هەیان بوو هەڵوەشاندەوە.
- لە بەرواری 25ی نیسانی 2023 هەناردەی هەرێم وەستا بەهۆی بردنەوەی داوای وەزارەتی نەوتی عێراق دژی تورکیا لە دادگای نێوبژیوانی یانەی پاریس ICC. تورکیا سزادرا بە 1.5 ملیار دۆلار و هێشتا بەشی دووەمی داواکە ماوە. لەو رۆژەوە تا ئێستا هەناردە لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە دەستی پێ نەکردووەتەوە.
- لە حوزەیرانی 2023یاسای بوجەی عێراق دەرچوو، لە یاساکەدا تێچووی نەوتی هەێم وەکو کێڵگەکانی عێراق دیاری کراوە بەنزیکەی 6.5 بۆ هەربەرمیلێک که ئەمە لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە رەدکرایەوە.
- بڕیار بوو لەساڵی 2023 دا یاسای نەت و گازی فیدراڵ دەربچێت ،بەلام تائێستا ئەو یاسایە دەرنەچووە لەکاتێکدا لەساڵی 2007 دا یەکەم جار رەشنووسی یاساکە نوسرا بەلام نەهەرێم و نە حکومەتی فیدراڵ لەسەری ڕیکنەکەوتن.
- ساڵیک بەسەر وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم دا تێدەپەڕێت و تا ئێستا ئاسۆی دەستپێکردنەوەی هەناردە روون نییە. و گفتوگۆکانی بەغدا و هەرێم لەشوێنی خۆیدایە و هیچ بەرەو پێشچونێکی پێوە دیار نییە.
- کۆمپانیا نەوتییەکان چەندین جار ڕاپانگەیاندووە کە تاوەکو شایستەکانی رابووردوو ئایندەیان مسۆگەر نەکرێت بەپێی گرێبەستەکانیان لەگەڵ هەرێم، دەست بەهەناردەکردن ناکەنەوە.
- وەزارەتی نەوت لە مانگی ئازاردا زۆر بەتووندی وەلامی کۆمپانیا نەوتییەکانی دایەوە تۆمەتباریانی کردن بە دەستوەردان لەسەروەری ولات و پێشیل کردنی یاسا پەیرەوکراوەکانی عێراق.

بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکان لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2024 دا وپشکی کۆمپانیاکان لە کێڵگە نەوتییەکان.

| بەرهەمی کێڵگەکانی نەتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٤ دا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| # | بلۆکی نەوتی | ناوی کۆمپانیا | پشکی کۆمپانیا | تێکڕای بەرهەمی کێڵگە |
| ١ | تاوکی | دی ئێن ئۆ DNO | ٧٥% | ٩٠,٠٠٠ |
| | | گەنێڵ ئەنێرجی Genel Energy | ٢٥% | |
| ٢ | تەق تەق | گەنێڵ ئەنێرجی Genel Energy | ٤٤% | - |
| | | ئاداکس Addax Petrpleum | ٣٦% | |
| ٣ | سەرسەنگ | ئێچ کەی ئێن HKN | ٦٢% | ٣٨,٢٤٨ |
| | | شماران ShaMaran | ١٨% | |
| ٤ | ئەتروش | شاماران ShaMaran | ٥٠% | ٢٥,٠٠٠ |
| | | ئێچ کەی ئێن HKN | ٢٥% | |
| ٥ | شێخان | گۆڵف کیستۆن KGP | ٨٠% | ٤٥,٠٠٠ |
| | | ئۆ ئێڵ ئێم MOL | ٢٠% | |
| ٦ | هەولێر | فۆرزا Forza Petroleum | ٦٥% | ٦,٥٠٠ |
| ٧ | باشیك | دی ئێن ئۆ DNO | ٦٤% | - |
| | | تی ئی سی ( کۆمپانیای وزەی تورکی) TEC | ١٦% | |
| ٨ | خورمەڵە | KAR Group | | ١١٠,٠٠٠ |
| ٩ | گەرمیان | گاز پرۆم Gazprom | ٤٠% | ٩,٢٠٠ |
| | | وێستێرن زاگرۆس Western Zagros | ٤٠% | |
| ١٠ | بجیل | رۆسنەفت Rosneft | ٨٠% | زانیاری نییە |
| ١١ | ئیسفنێ /عەین سفنی | هەنت ئۆیل Hunt Oil | ٨٠% | زانیاری نیە |
| ١٢ | چیا سورخ | پیت ئۆیل Oil Pit | ٨٠% | - |
| ١٣ | کۆرمۆر | پێرێڵ پێترۆلیۆم Pearl Petroleum | ١٠٠% | ١٥,٠٠٠ |
| | کۆی بەرهەم | | | ٣٣٨,٩٤٨ |

تێنینی : بەرهەمی کۆرمۆر کۆندێنسێتە کە کوالیتییەکەی زۆر بەرزە هی کۆمپانیای پێرێڵە و داهاتەکەشی بۆ کۆمپانیاکە دەگەڕێتەوە، پێشتر داخڵی بۆری هەرێم دەکرا بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی نەوتەکە، ئێستا پێرێڵ پەترۆلیۆم بۆ خۆی دەفرۆشێت.

بەراوردی نرخی بەرمیلێک نەوت ( برێنت، سۆمۆ و هەرێم) نرخی نەتی هەرێم لر دوای وەستانی هەناردەوە بەتێکڕا 32 دۆلارمان دیاری کردووە چونکە زۆرێک لە کۆمپانیاکان لە 30دۆلار و کەمتر بوون تەنها کێڵگەی سەرسەنگ بەنرخی لەوە زیارە فرۆشتویەتی کێڵگەکانی هەلێر و شێخان و ئەتروش بەکەمتر لەو نرخە فرۆشتوە.

| 2023 | برێنت (١) | سۆمۆ (٢) | هەرێم(٣) | جیاوازی هەرێم و سۆمۆ (٢-٣) |
|---|---|---|---|---|
| کانونی ٢ | ٨٢,٥ | ٧٥,٧ | ٦٦,٥٥٩ | ٩,١٣٦ |
| شوبات | ٨٢,٥٩ | ٧٦,٥٦ | ٧٠,٠١٣ | ٦,٥٤٣ |
| ئازار | ٧٨,٤٣ | ٧٤,٣٩ | ٦٥,٧٤٨ | ٨,٦٣٧ |
| نیسان | ٨٤,٦٤ | ٧٨,٠٥٨ | ٣٢ | ٤٦,٠٥٨ |
| ئایار | ٧٥,٤٧ | ٧١,٤٨٥ | ٣٢ | ٣٩,٤٨٥ |
| حوزەیران | ٧٤,٨٤ | ٧١,٧٥٥ | ٣٢ | ٣٩,٧٥٥ |
| تەموز | ٨٠,١١ | ٧٨,٠٣٣ | ٣٢ | ٤٦,٠٣٣ |
| ئاب | ٨٦,١٥ | ٨٤,٧٨٧ | ٣٢ | ٥٢,٧٨٧ |
| ئەیلول | ٩٣,٧٢ | ٩١,٣٥٣ | ٣٢ | ٥٩,٣٥٣ |
| تشرینی ١ | ٩٠,٦ | ٨٧,٥٧٧ | ٣٢ | ٥٥,٥٧٧ |
| تشرینی ٢ | ٨٢,٩٤ | ٨٢,٣٩٦ | ٣٢ | ٥٠,٣٩٦ |
| کانوونی ١ | ٧٧,٦٣ | ٧٦,٩١٤ | ٣٢ | ٤٤,٩١٤ |

## پەراوێزەکان:

١- زۆر جار هەڵە تێگەشتنێک هەیە بەوەی کەدەوترێت هەرێم پشکی 20٪ یان 25٪ی کێڵگە نەوتییەکانی هەیە ، ئەمە چۆنە؟

کۆمپانیا نەوتییەکان بەپێی گرێبەستییە نەوتییەکانی هەرێم خەرجی ماوەی گەڕان و پشکنین تا دۆزینەوە و بەرهەم هێنانی نەوتیان دەکەوێتە ئەستۆ ( ئەگەر نەوت دۆزرایەوە و بەرهەمی بازرگانی ڕاگەیەنرا ئەو کات مانگانە بەشێک لەو خەرجیانە وەردەگرێتەوە ،بەلام ئەگەر نەوت نەدۆزرایەوە یان ئەوەندە نەبوو کە بگاتە بەرهەمی بازرگانی یان بەهۆی هەر هۆکارێکی تر کێڵگەکە بەجێ بێڵێت ئەاو هەرێم هیچ خەرجییەک ناداتەوە بە کۆمپانیا نەوتییەکە.

کاتێک کێڵگەیەک دەگاتە بەرهەم ئەوکات لە کۆی بەرهەم 10٪ ی وەکو موڵکانە حکومەت وەری دەگرێت پاش ئەوە کۆمپانیاکە لەو 90٪ی ماوەتەوە تا ئاستی 40٪ و لە هەندێ کێڵگە تا 45٪ی ئەو بڕەی ماوەتەوە بۆ خەرجی کۆمپانیاکان دەچێت وەردەگرێت (ئەو خەرجیانەی لەماوەکانی گەران و پشکنین خەرجی کردووە ،لەگەڵ خەرجی بەکاربردن، ئەو خەرجیانەش خەرجی زەبەلاحن).

ئەو پارە یان نەوتەی دەمێنێتەوە پێی دەوترێت نەوتی قازانج بەپێی هاوکێسەیەکی بیرکاریانە دابەش دەکرێت لە نێوان حکومەت لە لایەک و کۆمپانیا نەوتییەکان لەلایەکی تر. لە باری نمونەیدا 85٪ بۆ حکومەت 15٪ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان و لە سەرەتاشدا 70٪ بۆ حکومەت و 30٪ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان دەبێت. لە ئەو پشکەی کۆمپانیا نەوتییەکان حکومەتی هەرێم لێرەشدا بەناوی کۆمپانیی نەوتی کوردستانەوە بەبێ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەک خەرج بکات پشکی 20٪ی ئەو قازانجەی کۆمپانیاکانیش وەردەگرێت.( پشکی 20ی قازانجی کۆمپانیاکان وەردەگرێ پاش ئەوەی 70٪ یان 85٪ی کۆی قازانجیشی وەرگرتووە).

٢- تێچووی بەرهەمهێنان بریتییە لە تێچووی کارپێکردن و پاراستنی بیرەکان و ئامێر و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بۆ هەر بەرمیلێک نەوت کە بەرهەم دەهێنرێت دوای دۆزینەوەی نەوت و پەرەپێدان و بەرهەم هێنان. بەمانایەکی سادە هەموو ئەو خەرجیانەیە کە رۆژانە بۆ بەرهەمهێنانی بەرمیلێک نەوت لە کێڵگەکە خەرج دەکرێت.

# سەرچاوەکان


1- "مفهوم الشفافية الإدارية كحق للمواطن", جميل عودة ابراهيم, available at: https://annabaa.org/arabic/goodgovernance/17258 (accessed: 20/03/2023).

2- “WHAT IS CORRUPTION”, Transparency International, available at: https://www.transparency.org/en/what-is-corruption# , (accessed: 02/03/2024).

3- Transparency and Public Accountability is at the Core of Good Corporate Governance", The World Bank , available at : https://www.worldbank.org/en/news/speech/2018/04/10/keynote-address-transparency-public-accountability-the-core-good-corporate-governance?fbclid=IwAR365uSNyQS4SNs_V36dfQUA0QqoNxiDnFrt2r4gzGzj_IxqaJDJbAAuiFs , (accessed:20/02/2024).

4- DNO ASA Interim Results Report First Quarter 2023, https://ml-eu.globenewswire.com/Resource/Download/2017ed48-3d02-4459-a566-cd69a20f1ea9 , (accessed:15/01/2024).

5- DNO, press release, (29/3/2023) "DNO Starts Shutdown of Kurdistan Oilfields” https://www.dno.no/en/investors/announcements/dno-starts-shutdown-of-kurdistan-oilfields-as-pipeline-closure-continues-2023-03-29/, (accessed:15/01/2024).

6- DNO ASA Interim Results Report Second Quarter 2023, https://ml-eu.globenewswire.com/Resource/Download/632960d3-daa1-45a6-80a4-baf8b7afd2ef, (accessed:15/01/2024).

7- DNO Reports Spike in Third Quarter Production and Revenues, DNO ASA Interim Results Report Third Quarter 2023, https://mleu.globenewswire.com/Resource/ Download/a2cde91f-de2c-4227-be82-dbdf577f49b3, (accessed: 25/12/2023).

8- DNO, press release ,(19/12/2023) “DNO Kurdistan Production Continues to Climb”(accessed: 25/12/2023).

9- DNO ASA Annual Report and Account 2023, https://ml-eu.globenewswire.com/Resource/Download/9a772476-6196-493e-b1fe-b2a67dad2962, (accessed: 15/03/2024).

10- Genel Energy plc, press release, (13/02/2023), “Receipt of payments for KRI oil sales” https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Receipt-of-payments-for-KRI-oil-sales-August-FINAL.pdf, (accessed: 13/02/2023).

11- Genel Energy plc, press release, (06/03/2023), “Receipt of payments for KRI oil sales” https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Receipt-of-payments-for-KRI-oil-sales-September-FINAL-1.pdf(accessed: 06/03/2023).

12- Genel Energy plc, press release, (27/03/2023), “Genel Energy plc Update on Kurdistan pipeline exports” (accessed: 28/03/2023).

13- Genel Energy plc, press release, (29/03/2023), “Genel Energy plc Update on Kurdistan production” (accessed: 29/03/2023).

14- Genel Energy plc Trading and operations update, https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-AGM-trading-update-FINAL-1.pdf. (accessed:11/05/2023).

15- Genel Energy Half-Year Results 2023,https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Energy-HY-2023-Results-FINAL.pdf.(Accessed: 02/08/2023)

16- Genel Energy plc, press release,( 17/08/2023) “ Update on Tawke PSC” https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Update-on-Tawke-PSC-1.pdf, (accessed: (20/08/2023).

17- Genel Energy plc, press release,(16/10/2023) “Update on Tawke PSC”, https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Update-on-Tawke-PSC-FINAL-2.pdf, (accessed: 16/10/2023).

18- Genel Energy plc,Trading and operations update- Third Quarter 2023, https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Q3-trading-update-FINAL-1.pdf. (accessed: 11/10/2023).

19- Genel Energy plc Update on Tawke PSC, https://genelenergy.com/wp content/uploads/2023/12/Genel-Update-on-Tawke-PSC-FINAL.pdf, (accessed: 19/12/2023).

20- Genel Energy plc Trading and operations update, https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Trading-and-operations-update-FINAL-PR.pdf, (accessed: 24/01/2024).

21- Genel Energy plc Audited results for the year ended 31 December 2023, https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2024/03/Genel-Energy-FY-2023-Results-FINAL.pdf, (accessed: 26/03/2024).

22- ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ-عێراق (٢٠٢٤/٣/١٣)لاپەرە ٤

23- Gulf Keystone, press release,” Update on Shaikan Field exports”(27/03/2023). https://www.gulfkeystone.com/update-on-shaikan-field-exports-2/,(accessed: 27/03/2023).

24- Gulf Keystone ,Operational & Corporate Update, https://www.gulfkeystone.com/operational-corporate-update-4/,(accessed: 27/04/2023).

25- Gulf Keystone ,2023 AGM, Operational & Corporate Update, https://www.gulfkeystone.com/2023-agm-operational-corporate-update/, (accessed: 16/06/2023).

26- Gulf Keystone ,2023 Half Year Results , https://www.gulfkeystone.com/2023-half-year-results-announcement/(accessed: 20/09/2023).

27- Gulf Keystone ,Update on Shaikan Field local sales, https://www.gulfkeystone.com/update-on-shaikan-field-local-sales/ (accessed: 20/09/2023).

28- Gulf Keystone, Operational & Corporate Update, https://www.gulfkeystone.com/operational-corporate-update-6/(accessed: 13/12/2023).

29- Gulf Keystone, Operational & Corporate Update, https://www.gulfkeystone.com/operational-corporate-update-7/(accessed: 01/02/2024).

30- Gulf Keystone, 2023 Full Year Results, https://www.gulfkeystone.com/2023-full-year-results-announcement/ (accessed: /03/2022).

31- HKN Energy Ltd, Operational & Corporate Update,Quarter 1,2023, https://www.hknenergy.com/wp-content/uploads/2023/05/First quarter2023-Mgmt-Update_-vF.pdf

32- HKN ENERGY LTD Interim Financial Statements 30/06/2023,

33- HKN Energy – press release,(27/3/2023) Update on Kurdistan pipeline exports, https://www.hknenergy.com/wp-content/uploads/2023/03/Update-on-Kurdistan-pipeline-exports_230327.pdf, (accessed: 27/03/2023).

34- HKN Energy Ltd. (HKN) provides the following update on operatons, financial positon, and recent events,(07/08/2023).

35- HKN Energy Ltd. Operational & Corporate Update, Half year 2023,(22/08/2023).

36- HKN Energy Ltd. Operational & Corporate Update, Secound Quarter, 2023, (29/11/2023).

37- HKN Energy Ltd. Report on Payments to Governments for 2023, (30/01/2024), https://www.hknenergy.com/wp-content/uploads/2024/01/Payments-to-Governments-Extractive-Sector-Transparency-Measures-2023.pdf,(accessed: 01/02/2024).

38- HKN ENERGY III, LTD. Consolidated Financial Statements December 31, 2023 and 2022 (With Independent Auditors' Report Thereon),925/03/2024).

39- SHAMARAN AUGUST 2022 ATRUSH PAYMENT,(20/01/2023), https://shamaranpetroleum.com/site/assets/files/5492/shamaran_petroleum_corp__shamaran_updates_on_recent_events.pdf, (accessed: 02/02/2023).

40- SHAMARAN SEPTEMBER 2022 PAYMENT,(15/03/2023), https://shamaranpetroleum.com/site/assets/files/5491/shamaran_petroleum_corp__shamaran_september_2022_payment_receive.pdf, (accessed:16/03/2023).

41- ShaMaran Corporate Update,press release,(25,3,2023) , https://shamaranpetroleum.com/site/assets/files/5508/shamaran_petroleum_corp__shamaran_corporate_update.pdf(acceseed:(27/03/2023).

42- SHAMARAN REPORTS STRONG FIRST QUARTER RESULTS,(10/05/2023), https://shamaranpetroleum.com/site/assets/files/5496/shamaran_petroleum_corp__shamaran_reports_strong_first_quarter_r.pdf,(accessed: 12/05/2023).

43- ShaMaran Corporate Update,(25/5/2023), https://shamaranpetroleum.com/news/shamaran-corporate-update-122842/(accessed: 14/05/2023)

44- ShaMaran Reports, Second Quarter 2023 Results, (09/08/2023).

45- ShaMaran Reports, Third Quarter 2023 Results, (08/11/2023).

46- ShaMaran,press release( 22/01/2024) , ShaMaran Acquires TAQA Interest in Atrush and Partners with HKN, https://shamaranpetroleum.com/news/shamaran-acquires-taqa-interest-in-atrush-and-part-122848/9accessed:22/01/2024).

47- ShaMaran,press release( 23/01/2024) ,ShaMaran Operational and Financial Update,(24/01/2023).

48- ShaMaran Reports Fourth Quarter 2023 Results,(6/03/2024).

49- ShaMaran ,Annual Report For the year ended December 31, 2023.

50- Forza Petroleum, Management’s Discussion and Analysis of Financial Condition and Results of Operations for the three months ended march 31, 2023.

51- Forza Petroleum ,first Quarter 2023 Interim Financial Statements.

52- Forza Petroleum, Secound Quarter2023 Interim Financial Statements.

53- Forza Petroleum, Third Quarter2023 Interim Financial Statements.

54- ڕاپۆرتی دیوانی چاودیری دارایی فیدراڵ- عێراق لە (٢٠٢٤/٢/١٣)

55- ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت: داتا و زانیاریی پشتڕاستکراوی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣دا"." ، حکومەتی هەرێمی کوردستان:
https://govkrd.bcdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202023/Final%20RCOG%20Q1%202023%20Public%20Report.pdf,(accessed :01/03/2024)